# گرفتی پەروەردەیی و میکانیزمی چارەسەرکردنی لە کوردستاندا


**م.ی هەوار جەمال** — **پ.ی.د تریفە عومەر**

**کۆلێژی هونەرە جوانەکان – موزیك** — **کۆلێژی زمان- وەرگێڕان**



**Abstract**

The reason behind the success most ofthe developed countriesin the world are their health and education dimensions. For instance: the magic of rising a country frommuddy and boggy ground Topractical model and creating modernindividuallike Singapore, was due to development and stabilizing education system, or the advance of a country such as Japan was from creating anintellectualindividual,this mighthave been done eitherthrough reformation or educating revolution that they reached the zenith of development.

From this point of view, Kurdistan region after the 90s and establishing Kurdish government then offering a failed governmental experience for more than 25 years, is the result of obligatory and importance of conducting such a research, in a way that the result of the research demonstrates that the causes of these failuresare mainly theconsequence of disregarding the education sector.

To escape this situation, following and at the same time implementing a suggested educating mechanism is a key factor to produce new individuals and the emergence of modern and advanced Kurdish society at the global level. In short, the importance of this research that accomplished through historical approach, descriptive analysis, and social survey is embodied inexecuting educational revolution that depended on a healthy educational philosophy in Kurdistan region.


**دەسپێك**

تـوێژینەوەکە، بـە ناونیشـانی (گرفتـی پـەروەردەیی و میکـانیزمی چارەسـەرکردنی لـە کوردسـتاندا) راڤـەکردن و بەرجەستەکردنی باری نەرێنی پەروەردەییە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، لـە هـەمانکات پێشـنیازکردنی میکانیزمێکـە بـۆ چارەسەرکردنی.

لەنێو توێژینەوەکەدا فۆکس خراوەتە سەر چۆنێتی پیادەکردنی شوڕشێکی پەروەردەیی کە بەهۆیـەوە گۆڕانکـاری بنەڕەتی لە سیستمی پەروەردەکرندا بکرێـت، ئەمـەش لەبەر رۆشـنایی ئەو دەرکەوتە ئاکارییو پەروەردەیـیەی، کە لە کاتوساتی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێت، مەبەستیش لە میکانیزمەکـان ئەو رێگایـانەن کە دەکرێـت ببـنە بنەماو پلانی پیادەکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی.

توێژینەوەکە جگەلە ئـەنجام و پێشـنیازو راسـپاردە، بـە سـێ بـەش پێشکەشـکراوە، بـەجۆرێك لـە بەشـی یەکەمـدا فەلسفەی پەروەردەیی و ئامانجەکانی شۆڕشی پەروەردەیی بەرجەستەکراوە، بەشی دووەم تایبەتـە بـە خسـتنەڕووی مۆدیلی وڵاتە سەرکەوتووەکانی جیهان لە بواری پەروەردەییدا، لە بەشی سێیەم و کۆتاییـدا میکانیزمـەکانی شۆڕشـی پەروەردەیی خراوەتەڕوو.

**بابەتی توێژینەوەکە**

پلانـی ئەم تـوێژینەوەیە، پـرۆژەی تـوێژینەوەیەکی زانسـتییە لەسـەر ئەگەرەکـانی پیـادەکردنی شۆڕشـێکی پەروەردەیی لە کوردستان‌و خستنەرووی ستراکچەرێکی پێشنیازکراو وەك میکانیزمێك بـۆ جێبەجێکردنـی شۆڕشێکی پەروەردەیی لە کوردستاندا.

**گرنگی توێژینەوەکە**

بەدرێژایی مێژوو دۆخی کوردستان لەژێر کاریگەری رەهەندە کۆمەڵایەتی‌و رامیاری‌و ئابوورییەکان...تـاد، دوچاری چەندین گرفت‌و کێشـەی ئاکاری‌و پەروەردەیـی بـووەتەوە، کە تێیـدا هـێڵە گشـتییەکانی پەروەردەیەکـی تەندروست لەنێوان تاکەکاندا نادیـارە، بەو واتـایەی کـە چەمکگەلێکی گشـتگیرو هـاوبەش بەچەشـنی گرێبەسـتێکی کـۆمەڵایەتی لەنێوان بیرو گوتارو رەفتاری کەسەکاندا، بەدیناکرێت.

ئاریشەی هزریی‌و ئاکاریی‌و کۆمەڵایەتی، بوون بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-پەروەردەیی ناتەندروست لە هەرێمی کوردسـتاندا، هەر ئەمەش وایکـردووە، مەترسـی گەورە لەسـەر ئاکـارو ژیـانی کۆمەڵگـا لە هەمـوو روویەکەوە تێبینیبکرێـت، کە ئەمـەش پەلدەکێشـێت بـۆ دروسـتبوونی مەترسـی گەورەتـرو ریشـەیی پەیوەسـت بە سـەرجەم لایەنەکانی ئاسایشی نەتەوەیییەوە.

بەدەر لەمە پرۆگرامەکـانی سیسـتمی خوێنـدن نەیـاتوانیووە لایەنە نەرێنییەکـانی کلتـوری کۆمەڵگـای کـوردی تێپەڕێنن‌و جـارێکی دیـکە خوێنـدنەوەی جیـاواز لـە رێـی پرۆگرامـی خوێندنـەوە بـۆ کلتـورەکە بکرێتەوە، بـۆ نمـونە تێنەپەڕاندنی هەندێ پەندی کوردی کە بەشێکە لە کەسێتی کـورد هەروەك (زمـان بوەسـتێت سـەر رەحەتە، دەست بە کـڵاوەکەی خـۆتەوە بگـرە بـا نەیبـات، کە چـویتە شـاری کـوێران دەست بە چـاوتەوە بگـرە، هێنـدەی بەڕەکەی خـۆت پێرابکێشـە، ئـۆخەی ئـۆخەی هەرکەس بـۆ خۆی....تـاد)، ئەمـەش ئـەو گرفتەیـە کـە گرنگـی توێژینەوەکـەمان پـڕ بایەخدەکات. بەمپێیە پوختەی گرنگی توێژینەوەکە لە چۆنیەتی پیادەکردنی شۆڕشێکی پەروەدەیـی پشتبەستوو بە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تەندروست بۆ پێکهێنانی مرۆڤی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا، بەرجەستەدەبێت.

**کێشەی توێژینەوەکە**

تیبینیکردنـی گرفتەکـانی فەلسـەفەو سیسـتمی پەروەردەکردنـی تـاك لە کوردسـتاندا، لەلایـەك لـە رووە رەوشـتی‌و ئاکاری‌و مرۆڤایەتییەکەوە، لەلایەکی دیکە لە رووی سیستمی پەروەردەوە وەك توێژەر چنار سعد لـە دکتۆرانامەکەیـدا بە ناونیشانی (رۆڵ‌و کـاریگەری سیستمی پەروەردە لەسـەر رەهەنـدی نەتەوەیـی لە کۆمەڵگـای کوردیـدا) بـە ترۆپکـی توێژینەوەکـەی راڤـەیکردووە، سـەرەکیترین کێشـەی تـوێژینەوەکەیە، نـاوبراو بـە داتـاو بەڵگـەی زانسـتی ئـەوەی سەلماندووە کە لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا فەلسـەفەیەکی دیـاریکراو نییـە تـا بکرێتـە بنەمایـەك بـۆ پەروەردەکردنی تاك، ئەمەش لەم توێژینەوەیەدا کرایە بنەمایەك بۆ دەستنیشانکردنی کێشەی پەروەردەیی لە هـەرێمی کوردسـتاندا، کێشـەکەش بە تەواوی لەوەدا دیاریـدەکەین کە ئایـا لە کۆمەڵگـای کوردیـدا سیسـتمی پەروەردە هۆکـاری شکستی پەروەردەی تاکە، یاخود سیستمی کۆمەڵایەتی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیسـتمی پەروەردەو بەرهەمهێنـانی شکسـتی کەسـێتی تـاك هەیە، پرسـیاری کێشـەی تـوێژینەوەکەش ئەوەیە، کە ئەم گـرفتە هۆکارەکـانی چـین‌و چـۆن چارەسـەردەکرێت. واتە پێویسـتە بپرسـین کە دروسـتکردنی تـاکی تەندروسـتدەبێت لەکوێـوە سـەرچاوەبگرێت، ئایـا ئەرکـی سیسـتمی پەروەردەیە، یـان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـانی دیـکەی وەك خێـزان، رێکخـراوە کۆمەڵایەتییەکـان، راگەیانـدن...تاد، ئەگەر ئەرکـی سیسـتمی پەروەردەیە، کەواتە سیسـتمی پەروەردە بـۆچی لە بەرهەمهێنـانی تـاکی

تەندروستدا سەرکەوتوو نەبووە، خۆ ئەگەر ئەرکی دامەزراوەکانی دیکەشە دیسان بۆچی نەیاتوانیووە ئاکارە تەندروستە کۆمەڵایەتییەکان لە کەسێتی تاکدا بچێنن.

بێگومان یەکلاییکردنەوەی کێشە پەروەردەییەکان بەرەو رێگەی چارەسەرمان دەبات، چونکە لە بنەڕەتدا لێڵیو ناڕوونی کێشەو گرفتە پەروەردەییەکان هۆکارن لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای ناتەندروستداو درککردنی توێژەرانیش بەم کێشەیەو ئەنجامدانی توێژینەوە لەم بوارەدا، هاوکاردەبێت لە دانانی ستراکچەرو میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

بەپشتبەستن بە کێشەو گرفتەکانی توێژینەوەکە، پرسیاری سەرەکی پرسیارکردنە لە چییەتی شۆڕشی پەروەردەییو چۆنێتی بەرپاکردنی، بەو مانایەی چ هۆکارێك یان پێداویستییەك لە پشت بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەییەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا شکستهێنانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەستە بە لاوازی سیستمی پەروەردەوە یاخود هۆکارگەلێکی دیکە لە پشت ئەم شکستە پەروەردەییەوەیە؟ جگەلەمە ئایا ئەم شۆڕشە سیستمێك دەخوازێت کە لە رێگەی سیستمی پەروەردەییەوە جێبەجێبکرێت، یاخود سیستمێکی کۆمەڵایەتیەو پێویستی بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە؟ یاخود بەر لە هەموو ئەمانە پێویستی بە دارشتنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هەیە کە ببێتە بنەما بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەو گرفتەکانی دیکەو بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی؟روونتر دەتوانین بڵێین بە دیاریکراوی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: ئایا پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردەیی چییەو ئامانجەکانی شۆڕشی پەروەردەیی چین؟ ئایا سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان سیستمێکی تەندروستەو خاوەنی ئامانجو فەلسەفەیەکی روونە یاخود نا؟ تا چ رادەیەك کوردستان پێویستی بە پیادەکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی هەیە؟ ئەگەر ئەم شۆڕشە پەروەردەییە پێویستە، کەواتە دەبێت بە چ میکانیزمێك بکرێتو چۆن پلانی بۆ دابڕێژرێت تا سەرکەوتوانە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بەمپێیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا بەرجەستەدەبێت، کە پێشنیازکردنی میکانیزمێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەروەردەیی وەك لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

**١. ئامانجو کاریگەریی شۆڕشی پەروەردەیی**

ئاشکرایە کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن هەر لە مێژووی کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ بە هەستیارترینو کاریگەرترین رەهەندی ژیانی کۆمەڵایەتی دەنرخێنرێت، فەیلەسوفانو زانایان هەر لە مێژووی دێرینەوە زۆر بە بایەخەوە لەسەر گرنگیو پێداویستییەکانی ئەم بوارە هەڵوێستەیانکردووە، هاوکات لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆمەڵگای شارستانیو بەرهەمی توێژینەوە زانستییەکان بەردەوام پڕبایەخبوونی ئەم کەرتەیان سەلماندووە. لێرەوە ئیدی هەر کۆمەڵگایەك بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەو پرسیارو پێداویستیانەی کە ئەم پرۆسەیە دەیخوازێت ناچارە بە وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری گرنگو زیندوو بۆ چارەسەرکردنی ئارێشەکانی دۆخی فەلسەفەو تێڕوانینی کۆمەڵگا بەرامبەر بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، ئەمەش بە رەچاوکردنی دۆخی تایبەتی ژینگەو ژیاری خودی کۆمەڵگاکە.

بـۆ ئەمەش پێویسـتە هەر کۆمەڵگـایەك سـەرەتا پرسـیار لە چەمـكو چییەتـیو پێویسـتیی پەروەردە بكـات، بەو واتایەی پەروەردە چ مەبەستو ئامانجێك لەخۆدەگرێتو تایبەتمەندییەكانی چین؟ پێویستیی پەروەردە بـۆ كۆمەڵگا چییەو لە نەبوونی پەورەدەیەكی پلانبۆداڕێژراوو گشتگیرو تەندروستدا دەشێت چ قەیرانو كارەساتێكی كۆمەڵایەتی بەرپابێـت؟ دەكرێـت بـۆ رووبەڕووبـونەوەی كێشـەكانی پەروەردە بیـر لە چ جـۆرە چارەسـەرێك بكـرێتەوە؟ ئایـا چارەسـەری رووكەش لە چوارچێـوەی چاكسـازیدا گونجـاوە؟ یـان پەنـابردنەبەر چارەسـەكردنێكی رەگوریشـەییو بەرپاكردنی شۆڕشێكی پەروەردەیی بەپشتبەستن بە فەلسەفەیەكی پەروەردەیی؟

رۆشـنبیرو نوسـەرو پەروەردەكـاران لە دوتـوێی نوسـینو توێژینەوەكانیانـدا ئاماژەیـان بە وەڵامـدانەوەی ئەم پرسیارانە كردووە، هەروەك (القیسی) لە پەرتوكی (المعجم تربوی والعلم نفس) لە ناساندنی پەروەردەدا دەڵێت: ئەو زانستەیە كە تاك لە رووی كەسێتییەوە دروستدەكاتو رەفتارەكانی هەڵدەسەنگێنێت، تا ببێتە ئەندامێكی سودمەند لە كۆمەڵگادا. هەندێكی دیكە پەروەردە بە پرۆسەیەكی دەروونیو كۆمەڵایەتیو فەلسـەفی ئامانجـدار پێناسـەدەكەن، كە دەشـێت ئەم پرۆسـەیە بە شـێوەیەكی هۆشـیارانە یـان ناهۆشـیارانە پەیڕەوبكرێـت، ئامـانج لە پەیڕەوكردنـی ئەمەش بەدەستهێنانی خۆشبەختیی تاكو كۆمەڵگایە (القیسی، نایف، ٢٠٠٦: ل١٤٣).

لە فەرهەنگـی كـاردا پەروەردە بەو بـڕە زانـینو ئەزمـونە هـاتووە، كە پـاش تەواوكردنـی پرۆگرامێكـی خوێنـدن بەدەسـتدەهێنرێت (صـالح، ٢٠٠٥: ل٩١-١١)، بەمپێـیە پەروەردە لە چوارچێـوەی پرۆگرامـی خوێندنـدا بەگەڕدەخرێـتو ئەمـیش پێویسـتە وەڵامـی چەنـد پرسـیارێك بـداتەوە وەك پەروەردەو ئەزمـونی پەروەردە چیـیە، چـۆن رێكخسـتنی ئەزموونی پەروەردە كاریگەریی دەبێت، چۆنێتی هەڵبژاردنی كارامەیی فێربـوونو ئامـانج لەم فێربـوونو پەروەردەیە چییە...تاد، (عومەر، ٢٠١٥: ل١٣٦)، بەمپێیە ئەركی پرۆگرامی خوێنـدن پەروەردەكردنـی فێرخـوازە لە رووی كـارامەییو زانستو رەفتارەوە، بێگومـان ئەم پرۆسـەی پەروەردەو فێركـردنە كە هۆكـارو بنەمـای بەرهەمهێنـانی تـاكو كۆمەڵگـای تەندروسـتە، دەبێـت لە بنەڕەتـدا پشتبەسـتوو بێـت بە فەلسـەفەیەكی پەروەردەیـی، كە بە روونـی ئاسـتی گرنگـیو ریزبەندی هەر یەك لە بەهاكانی تێیدا دەستنیشانبكرێت، دیارە بەهاكان زۆرو فرەجۆرن بۆ نمونە وایت[1] لە كتێبەكەیـدا كە بەمەبەستی شیكاركردنی بەهاكانو زانینی جـۆرو رێژەیـان پۆلێنكـارییەكی كـردووەو دەشـێت ئەو پۆلێنكـارییەو هاوشێوەكانی بۆ هەڵسەنگاندنو ریزبەندیكردنی بەهاكـان بەكـاربهێنرێن، ئەمەش بەپێـی گرنگـو گرنگتـرو گرنگتـرینو بەپێی فەلسەفەو تێڕوانینە جیاوازەكان پۆلێنبكرێت. لێرەدا رووبەڕووی ئەو پرسـیارە گـرنگە دەبینـەوە كە فەلسـەفەی پەروەردەیی چییە؟ هەروەها بەها پەروەردەییەكان چینو رۆڵی فەلسەفەی پەروەردەیی لە ریزبەندی بەهاكاندا چیـیە ؟

فەلسەفەی پەروەردە وەك واتای زاراوەیی، لێكدانی حیكمەتی زانـینو پێڕەوكردنـی ئەو حـیكمەتەیە، ئەمەش بەو واتایە دێت ئەگەر فەلسەفە وەڵامـدەرەوەی پرسـیارەكانو چییەتـی شـتەكانو دۆزینـەوەی رێگاكـانی ژیـان بێـت، ئەوا پەروەردە هۆكارێكە بـۆ جێبەجێكردنـی ئەو فەلسـەفەیە لە پراكتیكدا، بەمپێیە فەلسـەفەی پەروەردە ئەو بـوارەیە كە توێژینەوە لەو دۆزانەی ژیانی مرۆڤایەتی دەكات كە پەروەردەیانو كاری پەروەردەیی دەكەوێتە ژێـر كاریگەرییـانەوە، ئەمەش وەها دەكات فەلسەفەی پەروەردە بنەمایەك بێت بۆ دركپێكردنی ئەو ململانـێو جیاوازیـانەی لەنێـوان تیـۆری پەروەردەییو پەروردەی جێبەجێكـارانەدا هەیە. روونتـر هـزری پەروەردەیـی سیسـتمی پەروەردەیـی لێـدەكەوێتەوە، هەروەك بەرنـامەو ئامـانجو سـتراتیژو رێـگەو شـێوازەكانو...تاد، بەمچەشـنە ئەو هۆكـارەی هەمـوو لایەنە تیـۆریو كردارییەكانی پەروەردە نەخشەبەنددەكاتو دەیخاتە سەر هێڵی كار بە فەلسەفەی پەروەردە ناودەبرێت، بـۆیە ئەركـی

فەلسەفەی پەروەردە بـریتییەلە روونکردنەوەی ئەو ئەگەرو گریمانـانەی تیـۆرە پەروەردەییە هەموجۆرەکانی لەسـەر دادەمەزرێـت، بەجۆرێـك تەواو كـاری جێبەجێکردنـی تیۆرەکـانی پەروەردە لە پراکتیکردنیانـدا ئاسـاندەکات بـڕوانە (ئالانی، ٢٠١٥: لا٢٧١-١٨٦).

بەشێوەیەکی گشتی دەتـوانین بڵێـین فەلسـەفەی پەروەردە بـریتییەلە بنـاغەی سـەرجەم پرۆسـەی پەروەردەو ئەو دەسـتوورەیە کە یاسـاکانی لەسـەر دادەڕێژرێـت، ئەمەش دەرخەری ئەو راسـتیەیە کە هـیچ پرۆسـەیەکی پەروەردە، تەندروستو سـەرکەوتوو نابێـت گەر پشتبەسـتوو نەبێت بەو بنـاغەو دەسـتورەی کە یاسـاکانی لەسـەر رێکـدەخرێت، بێگومان ئەویش فەلسەفەی پەروەردەییەو لەم بناغەیەوە دەتوانین ریزبەندی گرنگی یاساو تیـۆرە پەروەردەییەکـانو بەهاکانی رەوشتمان دەستبکەوێت.

دیارە پەروەردەش پشت بە ریزبەندی بەهاکانو پایەکانی رەوشـت دەبەسـێت، چـۆنێتی ئەم ریزبەنـدییەش بەپێـی فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـی دیـاریکراو دادەڕێژرێـت، بـۆ نمـونە دەکرێـت ئەم ریزبەنـدییەی خـوارەوە بـۆ بەهاکـان تێڕوانینی فەلسەفەیەکی دیاریکراو بێت، وەك:

- دروستکردنی پرسیار لە بیری فێرخوازدا.
- دروستکردنی بیری رەخنەگرانە.
- هاوسۆزی بۆ نیشتمان.
- هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.
- متمانەبەخۆکردن.
- مرۆڤدۆستی.
- وەرگرتنی بیروڕای جیاواز...تاد

لەکاتێکدا دەشێت لە فەلسەفەیەکی دیکەدا ئەم ریزبەندییە تەواو پێچەوانە بێتو چەند بەهایەکی دیکەی جیـاواز لەمانە بەگرنگتر هەژماربکرێت، یان هەر لەبنەڕەتەوە کار بەم بەهایانە نەکرێـتو بە ئامـانجی بە کـۆیلەکردنی تاکەکـان چەند بەهایەکی دیکەی تەواو پێچەوانەی ئەمانە پەیڕەوبکرێت، ئەمەش لەسەر دیدگای فەلسـەفی هەر دەسـەڵاتێكو کۆمەڵگایەك بەندە.

سـەرکەوتوویی پرۆسـەی پەروەردە لە بەرزی ئاسـتی فەلسـەفەو تێڕوانینـی تەندروسـتی کۆمەڵگـاوە سەرچاوەدەگرێت، دیارە ئەو کۆمەڵگایانەی لایەنی پەروەردەییان فەرامۆشکردووە، وڵاتە بێبەرهەمو دواکەوتووەکانن لە جیهانـدا، بەڵـگە مێژووییەکـان ئەو راسـتییەیان سـەلماندووە، کە هەنـدێك لەو وڵاتـانەی کێشـەی پەروەردەیـیو کۆمەڵایەتیو ئـابووریو رامیاری...تادیـان هەبـووە، توانیویـانە بە پەنـابردنەبەر بەرپـاکردنی شۆڕشـێکی پەروەردەیـی خۆیان لەو دۆخە قوتـاربکەنو لە ئێسـتادا یەکێـك بـن لە سـیمبوڵو وڵاتە پێشـکەوتوەکانی جیهـان، هەروەك فینلەنـدا، دانیمـارك، سـەنگافورە، یابـان، کۆریـای باشـور...تاد، بەتـایبەت یابـان بەپێـی راپـۆرتە میـدیاییە جیهانییەکـان لایەنـی پەروەردەییان بووەتە مۆدێلێکی کاریگەر لە جیهانداو لەلایەن وڵاتانی دیکەوە لاسایدەکرێنەوە.

دەشـێت بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە پەروەردەییەکـان پەنـابرێتەبەر دوو رێگەچـارە، کە بـریتین لە ئەنجامـدانی چاکسازی پەروەردەیی یان شۆڕشی پەروەردەیی، دیارە جیاوازی لەنێوان چەمکەکانی چاکسـازی لە بـواری پەروەردەو شۆڕشی پەروەردەییدا هەیە، ئاشکرایە مەبەست لە چاکسازی گۆڕانکاری بچـوكو دیـاریکراوە لە پلانێـكو سیسـتمێکی پەروەردەیـی دیـاریکراودا، کە بە شـێوەیەکی ریشـەیی هـیچ گۆڕانکـارییەکی ئەوتـۆ لە تێـڕوانینو فەلسـەفە

پەروەردەییەکـان دروسـتناکات، لە کاتێکـدا شۆڕشـی پەروەردەیـی بـریتییەلە پەنـابردنەبەر ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری ریشـەیی لەسـەرجەم فەلسـەفەو تێڕوانینـی پەروەردەیـیو بەهاکـانو سـتراکچەرو میکانیزمەکـانی جێبەجێکردنـی. بەمپێیە جیـاوازی نێـوان ئەم دوو چەمکە لە خـاڵێکی بنگەهیـدا خـۆی نمایشـدەکات، ئەویـش ئەوەیە کە چاکسـازیی پەروەردەیی دەشـێت پتـر لەو دۆخـانەدا سـودی لێوەربگیرێـت کە لە بنـاغەوە فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـی ئامـادەگی هەبێتو سـتراکچەرو میکانیزمەکـانی روونوئاشـکراو بەکـاربن، لەکاتێکـدا شۆڕشـی پەروەردەیـی پتـر بـۆ ئەو دۆخـانە دەشـێت، کە کۆمەڵگـایەك لە بـنەڕەوەتەوە گیـرۆدەی چەنـدین گرفتـی کـۆمەڵایەتیو رامیـاریو ئـابووریو پەروەردەیی...تاد بووەتەوە.

دیارە پەروەردەو فێرکـردن یەکێکە لە هۆکـارە هەرە گرنگەکـانی گەشـەپێدانی کۆمەڵگاکـان، کە هەمیشـە ئامـانجی سەرەکی لێیان وەبەرهێنانی سامانی مـرۆییەو پێویسـتن بـۆ گەشـەپێدانی مرۆڤەکـانو تەقانـدنەوەی وزەکانیـان، ئەم ئامـانجە گەورەیەش ئەسـتەمە لە رێگـەی چاکسـازیی پەروەردەیـی پشـت-نەبەسـتوو بە فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـی روونو بەهێـزەوە ئەنجامبـدرێت، لێرەشـەوە لەوە دەگەیـن کە گرنگـیو پێداویسـتی پەنـابردنەبەر شۆڕشـێکی پەروەردەیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، تاکە کەرەستەی بەکارە بۆ ئەنجامدانی هەر گەشەپێدانێکی فرە لایەنو گشـتگیر لە کۆمەڵگاکاندا.

لای مارشال فێرکردن جۆرێکە لە وەبەرهێنانی نەتەوەیی (سیف الـدین فهمـی، ١٩٦٥: ص٧)، مارکسـیش بـە هـەردوو چەمکـە دەقـاودەق و میتافۆریەکەشـی بە گەورەتـرین داهـاتی ئـابووری هەژماریـدەکات، بەڵـگەی راسـتی ئەم بۆچوونـانەش لە نمـونەی گەشـەکردنی ئاسـتی ژیـانی دانیمـارکو یابانـدا دەبینرێـت، کە سـەرباری کەمـی سـەرچاوە سروشتییەکانیان، توانیویانە گەشەپێدانێکی زۆر خێرا بەدیبهێننو ببن بە یەکێك لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دونیا، هەروەها ئەڵمانیاو سویسرا بە مایەی کارامە مرۆییە خوێندەوارەکانیان توانیانە گەشپێدانێکی گشتگیر فەراهەمبکەن، بەجۆرێك زۆر لەوە گەورەتربێت کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانو خاوەن سامانە سروشتییەکان توانیویانە ئەنجامیبـدەن، هەڵـبەت چەنـدین نمـونەی دیـکەی وڵاتـان بە پراکتکـی ئەو راسـتییەیان سـەلماندووە، کە مەزنتـرین سـەرمایەی هەر کۆمەڵگایەك توانا مرۆییەکانێتی (الیاس، ٢٠٠٧: لا).

سـەرەنجام لەبەر رۆشـنایی ئەم ئەزموونـانەی وڵاتـانی پێشـکەوتوو لە بـواری پەروەردەدا، دەتـوانین بڵێـین بەبـێ پشتبەستن بە فەلسەفەیەکی پەروەردەییو بەبـێ بەرپـاکردنی شۆڕشـێکی پەروەردەیـی ئەسـتەمە بتوانرێـت لە هـیچ کۆمەڵگایەکدا، گەشەپێدانێکی گشتگیر بەدیبهێنرێتو ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

١/١ دۆخی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا

دۆخی هەرێمی کوردستان وەك پارچەیەك لەخاکێکی گەورەی دابەشکراو بە چوارپـارچەوە، کە بە درێژایـی مێـژوو دوچاری چەندین سیستمی پەروەردەیی جیاواز بووەتەوەو دوور لە خواستی خۆی بەسەریدا سەپێنراوە، ئاشکرایە کە بەشی هەرە زۆری پانتایی خاکی کوردستان بەهۆی شوێنی جوگرافییو ململانێی هێـزە دەرەکییەکـانەوە، لە زۆرتـرین قۆنـاغە مێژوویەکانـدا کەوتـووەتە بەر شـاڵاوی دەسـەڵاتی سـەپێنراوی دەرەکـی، کە بە دڵنیـاییەوە قـۆرخکردنی فەلسـەفەی پەروەردەو سیسـتمی پەروەردە لەو داگیرکـارییە بەدەر نەبـووەو هەمیشـە سـتەمکاران بەشـێوەیەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە، کە ئامانج لێی روخاندنی کەسێتی تاکی کورد بووە.

١-١/١ پێگەی فەلسەفەی پەروەردەیی لە سیستمی پەروەردەو فێرکردندا

ئاشکرایە بە درێژایی مێـژوو پەروەردەکردنـی تاکەکـانی کۆمەڵـگای کوردسـتانی بەدەر بـووە لە هەر ئامـانجو دیـدو

فەلسەفەیەك كە لە بەرژەوەندیی خودی خۆیو خواستو خەونەکانیدا بووبێت، بەڵکو بەردەوام یان لە خزمەتی داگیرکارانی دەرەکی یان لە خزمەتی دەسەڵاتی خۆماڵیدا بووە، کە ئەمانیش هاوشێوەی داگیرکاری دەرەکی دۆزی رەوای ئەم گەلەیان بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیانو سەپاندنی دەسەڵاتیان بەکارهێناوە، بەبێئەوەی دەرفەت بدەن کە کەسێتییەکی کوردی ئازاد بێتەکایەوە، هەروەها ئەم دەسەڵاتە یەکلەدواییەکانەی بیانیو خۆماڵی، کە لە فۆرمی جیاجیای ئاینیو سەربازیو ئایدۆلۆجیو نەتەوەپەرستی...تاد خۆی نمایشکردووە، بەتێبینیکردنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی، هۆکار بوون لە کوشتنی کەسێتی تاکی ئازادو سەربەخۆ.

ئەوەش کە تایبەتە بە دەسەڵاتی خۆماڵی، لە مێژووی نوێدا نە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی ریشەیی بەدیدەکرێت، نە فەلسەفەیەکی تەندروستیش کە لە پشتی سیستمەکەوە پەیپێببرێت، جێگەی سەرنجە لە دوای نەوەدەکانو راپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستان، سیستمی پەروەردە تا ساڵی ٢٠٠٤ درێژەپێدەری سیستمی پەروەردەی عیراق بووە، دواتر هەندێ گۆڕانکاری لە هەندێ وانەی وەك، کوردی، مێژوو، جوگرافیا، هونەر، موزیك، پەروەردەی نیشتیمانیو زانستەکان کراوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بەتایبەت لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی کوردی بەسەر هەردوو ناوچەی زۆنی سەوزو زەردا دابەشبوون بەجۆرێك نەبووە، کاریگەری ئەرێنی لەسەر کەسێتی تاك دروستبکات، بۆ نمونە کۆوانەکانی (ئەلفبێی کوردی) تا قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی، کە بۆ تەمەنی (٦-٩) ساڵەو ئەم تەمەنەش بەپێی بۆچوونی دەروونناس پیاجە تەمەنی جێگیربوونی کەسێتی مرۆڤە لە رووی ژیریو هۆشەکییەوە،[٢] لە رووی ئەو پیتو وێنانەی بەشێکن لە پرۆگرامی خوێندن، هەستی فێرخواز بە حزبەوە پەیوەستدەکەن، هۆکاری ئەمەش دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆڕی لایەنداری حزبییەوە چ بۆ ئەم قۆناغەو قۆناغەکانی دواتریش، کە ئەمەش وادەکات پرۆگرامی خوێندن هەڵگری سۆزو عاتیفە بێتو دووربخرێتەوە لە بنەمای بابەتێتی، ئەگەر نمونەی بابەتەکانی وانەی مێژوو لە قۆناغەکانی ناوەندی وەربگرین ئەوا هەڵبژاردنی بابەتگەلێکی وەها دەبینرێت، کە سۆزی حزبایەتیو ئینتیما بۆ حزب جێگەی هەستو خواستی نەتەوەیی دەگرێتەوە، ئەمەش یەکێکە لە کەلێنە گەورەکانی سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا کە رێگرە لەبەردەم بەرهەمهێنانی تاکی تەندروستدا.

دیارە لە دۆخێکی ئاساییو تەندروستدا، دەزگاکانو دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن ئامانجیان پێشخستنو گەشەپێدانی چەند بەهایەکی دیاریکراوە لە کەسێتی خوێندکاردا وەك (بوێری، ئیرادە-ویست، خۆشەویستی بۆ کارکردن، نیشتمانپەروەری .. تاد) (الیاس، ٢٠٠٧: ص١٥٧)، بەمەش خوێندکار هەستێکی سیاسیو نیشتمانی بەرامبەر کۆمەڵگاو نیشتیمانەکەی خۆی لا دروستدەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە لە پێڕەوو پرۆگرامی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، دروستکردنی کەسێتی تاك بەگشتی کەسێتییەکی لاوازەو بەهۆی نەبوونی پەروەردەیەکی تەندروستەوە نەبوونەتە خاوەن ئیرادەو ویستێکی بەهێز، هەروەها فێرخواز لەسەر بوێریو خۆشەویستی بۆ کارو کردەوەو کاردانەوەی گونجاو رانەهێنراون، بۆ نمونە سیستمی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانەکاندا کە پەیڕەوکردنی فەلسەفەی ریالیزمییە، لەم جۆرە فەلسەفەیەدا مامۆستا چەقو فێرخواز تەنها گوێگرە، بەمەش لەبری کارکردن لەسەر بەهێزبوونی ویستو ئیرادەی تاكو دروستکردنی بیری رەخنەگرانە، فێرخواز لەسەر گوێڕایەڵی کوێرانەو جۆرێك لە دەستەمۆبوون رادەهێنرێن.

یەکێکی دیکە لە کەلێنەکانی سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، ئاشنانەکردنی فێرخوازە بە کارامەییە سروشتیو ئەزموونییەکانی خۆی، بەو واتایەی سیستمی پەروەردە بنەمایەکی بەهێز نییە لە فێرکردنو پەروەردەکردنی فێرخوازدا بۆ سودوەرگرتن لە تواناو لێهاتووییەکانی خۆیو دیاریکردنی ئایندەی، کە بەپێی خواستی

خۆی هەڵبیژێرێتو پراکتیزەی بکات، بۆ نموونە هەمیشە ئەو فێرخوازانەی نمرەی بەرز بەدەستدەهێنن بەبێ گەڕانەوە بۆ خواستو ویستو توانای خۆی لە بوارێکدا، ویستێکی نائاگاییانەو ناتەندروستی بۆ کۆلێژە بەرزەکانی وەك پزیشکیو ئەندازیاریو یاسا هەیە، لەبەرئەوە بۆ وەرگرتن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا بە کۆلێژە بەرزەکان دەست بە پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتن دەکەن، ئەمەش بەڵگەی ناسەرکەوتوویی فێرخوازە لە قۆناغەکانی دیکەی زانکۆو پەیمانگاو قۆناغەکانی دواتریشیدا.

لە کۆمەڵگای کوردیدا جگەلە قوتابخانە هەر یەك لە خێزان، مزگەوت، سۆشیال میدیا، ریکخراوو سەنتەرەکان...تاد رۆڵی دامەزراوەو کەناڵی کۆمەڵایەتی پەروەردەیی دەبینن، توێژینەوە لەسەر ئەم لایەنانە لانی کەم ئاڕاستەی گەشەکردنی کۆمەڵگاو رەوتی سیستمە پەروەردەییەکە دیاریدەکات، سەرباری ئەمەش هەڵوێستەکردن لەسەر دیاردە پەروەردەییەکانو ناساندنیان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە رێگەی بەدواداچوونی کارلێککردنی دیاردە کۆمەڵایەتیو ئایینیو سیستمە رامیاریو چنراوە ئابورییەکانەوە دەبێت، چونکە دەشێت پەروەردە یان کاریگەر بێت بە ئایدۆلۆجیا وەك کۆمەڵگا سۆشیالیستەکان، یان کاریگەر بێت بە ئابوری هەروەك لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکاندا دەبینرێت بڕوانە: (هیوا علی، ٢٠١٠). یان کاریگەر بێت بەهەر شێوازێکی دیکە کە دەسەڵاتی دەستەو تاقمێك یان کۆمەڵگا خۆی دەیسەپێنێت.

سەرجەم ئەمانەی ئاماژەیان پێکرا بەڵگەی لاوازی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە، هەڵبەت هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی فەلسەفەیەکی پێشکەوتووی پەروەردەکردن دەگەڕێتەوە، بۆیە گرنگە فەلسەفەیەکی نوێی فێرکردن لە کوردستان فۆرمەڵەبکرێتو بەهۆیەوە نەوەی نوێ بە شێوازێکی سەردەمیانە پەروەردەبکرێت تا بنە هەڵگری بیری شارستانیو بەپێی لۆجیکی زانستو تیۆرییە سەردەمییەکان، لەسەر هەردوو ئاستی زانینو رەوشت، پرۆگرامەکان دابڕێژرێنو دوربن لە خورافیاتو تۆقینو دەستەمۆکردنو...تاد.

٢-١/١ دەرهاویشتەو ئەگەرەکانی پیادەکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی

بێگومان زۆرینەی توێژەرانو پەروەردەکاران هەستیان بە کەلێنەکانی سیستمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان کردووەو بە نوسینو توێژینەوەکانیان تیشکیان خستووەتەسەر لایەنی جیاجیای گرفتەکان، جێگەی ئاماژەپێکردنە، کە گفتوگۆکان دەربارەی پەروەردەو سیستمی پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردە خۆی لە ئاستی جیاجیادا دەبینێتەوە، هەندێك لەو مشتومڕانە لە چوارچێوەی وروژاندنی پرسیارو ئاماژەکردنن بە کێشەکان، کە ئەمانە زۆرترین نوسینو گفتوکۆکانن و لە ئاستێکی سەرەتایدان، هەندێکی دیکەی ئەو مشتومڕانە لە ئاستێکی بەرزتردا خۆی دەبینێتەوە کە سەرباری دەستنیشانکردنی گرفتەکان چارەسەر پێشنیازدەکەن، بەڵام ئەمانیش لە باشترین دۆخدا چارەسەرەکانیان لە چوارچێوەی چاکسازییەکی روکەشدا بەرجەستەکردووە، بێ قوڵبوونەوە لە رەگوڕیشەی کێشەکانو گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی کێشەکان، دیارە باشکردنی دۆخی پەروەردەو داڕشتنی فەلسەفەی پەروەردەیی کارێکی ئاڵۆزو فرەلایەنەو ئەستەمە بە وشەیەك یان چەند وشەیەك یان پێشنیازێك چارەسەربکرێت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە سەرەتا دەبێت شێوازە قوچەکییەکەی لە لوتکەوە بۆ بنکە دابڕێژرێت، واتە دەستنیشانکردنی خاڵی دەسپێك کە بریتییەلە فەلسەفەی پەروەردەیی بە لوتکەی قوچەکەکە کە سەرچاوەی کردنەوەی دەرگایە لەبەردەم سەرجەم پرسیارەکانو وەڵامدانەوەی گرفتەکان، هاوکات داڕشتنی میکانیزمێکە بۆ جێبەجێکردنی لە بواری کردەییدا.

وەك پێشتر ئاماژەمان بە هەندێ لایەنی گرفتەکان کردووە، ئاشکرایە دۆخی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان پڕ

کێشەو شکستخواردووە، بەڵام ئەوەی شایستەی هەڵوێستەلەسەرکردن بێت، ئەو پرسیارەیە کە ئایا لە دۆخێکی ئەوها ئاڵۆزدا دەکرێت میکانیزمی چارەسەرکردن چۆن بێت؟ گەر چارەسەری روکەش و چاکسازی توانای چارەسەری ریشەیەیی نەبێت، دەشێت بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی چۆن بێت؟

لە زۆربەی نوسین و توێژینەوەکانی پەیوەست بە گرفتەکانی پەروەردەو سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە پتر گفتوگۆ لەسەر ئاستەکانی خوارەوەی هەرەمی پرۆسەکەدا کراوە وەك مشتومڕ لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن و ئاستەکانی خوارەوەی بەڕێوەبردن و ...تاد، بۆ نمونە یەکێك لەو پرسانەی کێشەو گرفتی توێژینەوەکان بووەو خراوەتە دووتوێوی راپرسییەوە، چۆنێتی بایەخدان بووە بە بەڕێوەبەرو کەسانی پسپۆڕ لە سمینارەکاندا، پەیوەست بەمە دەقی وەرگیراو بەرجەستەی توێژینەوە لە ئاستەکانی خوارەوەی هەرەمی پرۆسەکەدا دەکات:

"(بەشداری پێنەکردنی بەڕێوبەران و مامۆستایان لە قۆناغی پێش گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا) ئەمەش واتا لە گۆڕینی پرۆگرامەکاندا بیروڕای مامۆستایان و بەڕێوبەران بە هەند وەرناگیرێت، لەکاتێکدا ئەوان راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ قوتابیاندا هەیەو سەرنج و تێبینییەکانیان سودێکی زۆری دەبێت لە داڕشتنی پرۆگرامەکان بەجۆرێك سەرنج راکێش بێت لای قوتابیان". هەروەها لە هەمان توێژینەوەدا دەربارەی بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆر هاتووە"، بانگهێشتکردنی کەسانی پسپۆڕ بۆ ئەنجامدانی سمینار کەمترین گرنگی پێدەدرێت لای بەڕێوبەران، هۆکارەکەشی وەك بەڕێوبەران باسیاندەکرد بریتییە لەوەی ئەوان ناتوانن بێ پرسی بەڕێوبەرایەتی پەروەردە ئەم کارە ئەنجامبدەن، لەگەڵئەوەشدا رۆتینی کارگێڕی زۆری دەوێت و کاتی بەڕێوبەران زۆر دەگرێت، کە بووەتەهۆی ئەوەی بەڕێوبەران کەمتر گرنگی بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە بدەن (صالح، ٢٠١٥: لا ٨٠-٨١).

جگەلە دەقی وەرگیراو لە کاتی گەڕان بەناو توێژینەوەکاندا زۆر بە روونی لە ناونیشانی توێژینەوەکانەوەو بە سەرنجدانێکی کەم ئەو راستییە تێبینیدەکرێت، کە زۆرینەی توێژینەوەکان کێشەو گرفتە سەرەکییەکانی پەروەردەیان نەپشکنیوەو خواستی گۆڕانکاری ریشەیی بەشێك نەبووە لە ئامانجی توێژینەوەکانیان، بەڵکو بەگشتی تەنها چاکسازی لە بواری پەروەردەدا ئامانج بووە، نمونەی ئەمەش لە ناونیشانی ئەم توێژینەوانەدا بەدیدەکرێت، کە لێرەدا تەنها ئاماژە بە چەند ناونیشانی توێژینەوەیەك ئەدەین:

- دۆخی وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو لە کۆلیژە پەروەردەییەکانی زانکۆی سلێمانی و ریگاکانی پەرەپێدانی لە دیدی مامۆستایان و خوێندکارانەوە

- هەڵسەنگاندنی کێشەکانی مێژووی قۆناغی ئامادەیی لە تێڕوانینی مامۆستایان و سەرپەرشتیارانەوە لە هەرێمی کوردستان-عیراق

- کاریگەری ستراتیژی فێربوونی هەرەوەزی لە بابەتی وێژەی کوردی لەسەر دەستکەوت و بیرمانەوەی خوێندکارانی حەوتەمی بنەڕەتی

- هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی

- کاریگەری ستراتیژی لێکچوون لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لای خوێندکارانی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی

جـۆرێکی دیـکەی توێژینەوەکـان باسـکردنە لە گرفتەکـانی تیـۆری پەروەردەیـی یـان فەلسـەفەی پەروەردەیـی، کە درکپێکردنێکی دەربارەی سەرچاوەی کێشەکان تێدایەو هۆکاری ئەمەشیان بـۆ نەبـوونی فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـی گەڕاندووەتەوە، بێئەوەی باس لەوە بکەن کە پێویستە ئەم فەلسەفە پەروەردەییە چۆن بێـتو چـۆن پراکتیزەبکرێـت. نمونەی ئەمەش لەم دەقە وەرگیـراوەی یەکێـك لە توێژینەوەکانـدا بەدیـدەکرێت: "سـەرەڕای هەمـوو ئەو هەوڵانەی کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە دوای دامەزرانـدنی لە بـواری پەروەردەو فێرکردنـی کوردسـتان داویەتـیو لەگەڵ کۆمەڵێك چاکسـازی کە لە بـواری زیـادکردنی قوتابخـانەو زیـادبوونی ژمـارەی مامۆسـتاو قوتـابی وەکـو لە زیـادبوونی ژمارەکاندا لە بابەتەکانی پێشوتر بۆمان دەردەکەوێت، هەروەها سـەرەڕای چاکسـازی کـردن لە بابەتەکـانی خوێنـدن بە تایبەتی لە وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی کۆمەڵایەتی) بە کورداندنی، کەچی لەبەر نەبوونی فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـی تـایبەت بە کوردسـتانو یاسـای پەروەردەو فێرکـردن کە ئامـانجو بنەمـاو ئاڕاسـتەی پەروەردەکـردن دیاریبکات، تاکو ئێستا چاکسـازی ریشـەیی لە بـواری پەروەردەو فێرکـردن لە کوردسـتان نەهـاتۆتە ئـاراوە(سعد، ٢٠٠٩: لا١٥٥ ).[٣]

جـۆرێکی تـری نوسـین جیـاواز لەوانـی دیـکە، وردبـوونەوەو گفتوگـۆیە لەبـارەی چـۆنێتی چارەسـەکردنی گـرفتە پەروەردەییەکـانی سیسـتمی خوێنـدن لە کوردسـتانو لە هەمانکاتـدا هەوڵـی خسـتنەڕووی میکـانیزمێکە بـۆ چارەسەرکردن. بێگومان کاتێك دێینە سەر بواری پراکتیکی گرفتی هەرە بناغەیی بریتی دەبێت لە وەڵامـدانەوەی دوو پرسیاری بنەڕەتی:

١. ئایا دەشێت خاڵی دەستپێك بۆ هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە لە چ پنتێکەوە بێت؟

٢. ئەو ستراکچەرو میکانیزمو دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ ئەو چارەسەرکردنە ریشەییانە دەکرێت چی بنو چـۆن بن؟

یەکێکـیش لەو پێشـنیازانەی، ئامـاژەیەکی روونـی تێـدایە بە پێداویسـتی چارەسـەرکردنی گرفتەکـانی سیسـتمی پەروەردە لە هەرێمـی کوردسـتانداو تێیـدا بانگەشـە بـۆ ئەوە دەکرێـت، کە پەروەردەکـاران نـوێنەری راستەقینەی ئەم شۆڕشە پەروەردەیە بن، نوسینێکە بە ناونیشانی (کێ دەبێت ئەو ئەرکە مەزنە بگرێتەئەستۆ)، کە لە ئەکاونتی تـایبەتی تـوێژەر هەوار جەمـال لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسـبوك لە ٣ ئـازاری ٢٠١٦، بڵاوکـراوەتەوە، (کـۆی ئەو پێشـنیازانەی کە توێژەر هەوار جەمال لە تـۆڕی کـۆمەڵایەتی فەیسـبوك بڵاویکـردوونەتەوەو لەم تـوێژینەوەیەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، لە چوارچێوەی وتارێکیشدا بە ناونیشانی (شورشێکی نوێ بەرێـوەیە) لە هەردوو مـاڵپەڕی فەرمـی NRTو گۆڤـاری کـۆچ بڵاوکراوەتەوە.) تێیدا هاتووە:

"ئاشـکرایە لە جیهانـدا وا بـاوە، کە پەروەردەکـاران بەردی بنـاغەی پێشـکەوتنو دروسـتکەری هەر کۆمەڵگـایەکی تەندروستن، هەروەها بەرزیو ئاستی پێشکەوتنی هەر کۆماڵگایەك بەنـدە بە ئاسـتو پـلەی پەروەردەکـارو بەو رۆڵەی پێیسـپێردراوە، پرسـیارێك کە لێـرەدا خـۆی دەسـەپێنێت ئەوەیە، کاتێـك کە پەروەردەکـاران ئەو پـێگەیەی خۆیـان لەدەستدابێتو کۆمەڵگا دوچـاری گرێکـوێرەو کێشـەی پەروەردەیـی هاتبێـت، کـێ دەبێـت گرێکـوێرەکە بکـاتەوە؟ کـێ دەبێـت نرخو بەها بداتەوە بە پەروەردەکارانی کوردستان تا وڵات بەگشتی گەشـەبکاتو پێشبکەوێ؟ کـێ دەبێـت ئەو ئەرکە مەزنە بگرێتەئەسـتۆ؟ بێگومـان ئەوە تەنهـاو تەنهـا پەروەردەکـاران خۆیـانن کە دەتـوانن ئەو کـارە مەزنە ئەنجامبدەن.".

هەروەها لە نوسینێکی دیکەی هەمان توێژەردا بە ناونیشانی (هەندێك لە ئامانجەکانی شۆڕشی پەروەردەیی- لە ١١

ئازاری ٢٠١٦) له تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تی فیسبوك بڵاوكراوه‌ته‌وه‌، په‌یوه‌سته‌ به‌ پێشنیازی بانگه‌شه‌كردن به‌ پێداویستی به‌رپاكردنی شۆڕشێكی په‌روه‌رده‌یی‌و له‌ هه‌مانكاتدا ئاماژه‌كردنه‌ به‌ خاڵی ده‌ستپێك له‌ لوتكه‌ی قوچه‌كی سیستمه‌ په‌روه‌رده‌یه‌كه‌دا، كه‌ داڕشتنی فه‌لسه‌فه‌ی په‌روه‌رده‌یيه‌ له‌لایه‌ن په‌روه‌رده‌كارانی پسپۆڕه‌وه‌و هاوكات پێكهێنانی بۆردو به‌ستنی كۆنفرانسی ساڵانه‌و خستنه‌ڕووی ستراكچه‌رێكه‌و پیشنیازی پێكهێنانی چه‌ند دامه‌زراوه‌یه‌كه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی سیستمی په‌روه‌رده‌ له‌ ڕێگه‌ی هه‌وڵدان بۆ دروستكردنی بڕیار له‌ دامو ده‌زگا باڵاكانی بڕیاردان، كه‌ به‌ سێ خاڵ چڕكراوه‌ته‌وه‌:

"١. به‌رپاكردنی شۆڕشێكی په‌روه‌رده‌یی له‌ناو توێژێكی ده‌سته‌بژێری په‌روه‌رده‌كاران خۆیاندا، به‌ ئامانجی پته‌وكردنی چه‌ند بنه‌مایه‌كی په‌روه‌رده‌یی‌و دروستكردنی باوه‌ڕێكی پته‌و به‌ گرنگی پیاده‌كردنی شۆڕشێكی په‌روه‌رده‌یی له‌سه‌رتاپای كۆمه‌ڵگادا.

٢. خۆڕێكخستن‌و به‌ستنی كۆنفرانس‌و هه‌ڵبژاردنی نوێنه‌رانی شۆڕشی په‌روه‌رده‌یی.

٣. كاركردن بۆ گه‌یاندنی په‌روه‌رده‌كاران وه‌ك نوێنه‌رانی شۆڕشی په‌روه‌رده‌یی بۆ ناو په‌رله‌مانی كوردستان‌و سه‌رجه‌م جومگه‌كانی ده‌سه‌ڵات بۆ چه‌سپاندنی پرۆژه‌ی شۆڕشی په‌روه‌رده‌یی."

هه‌روه‌ها له‌ نوسینێكی دیكه‌ی ناوبراودا له‌ به‌رواری ١ی ئایاری ٢٠١٧ ده‌رباره‌ی فه‌لسه‌فه‌ی په‌روه‌رده‌یی له‌ تۆڕی كۆمه‌ڵایه‌تی فه‌یسبوك تایبه‌ت به‌ ئه‌كاونتی ناوبراو، ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ هاتووه‌:

" پێویستمان به‌ شۆڕشێكی په‌روه‌رده‌یی‌و ده‌سته‌به‌ركردنی فه‌لسه‌فه‌یه‌كی په‌روه‌رده‌یی هه‌یه‌ كه‌ ببێته‌ مایه‌ی سه‌رفرازی گه‌ل‌و نیشتیمان، پاشان كاركردن بۆ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م فه‌لسه‌فه‌یه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی سیستماتیك له‌ سه‌رجه‌م قۆناغه‌كانی خوێندن هه‌ر له‌ باخچه‌ی ساوایانه‌وه‌ تا دوا قۆناغه‌كانی خوێندنی باڵا، هه‌ر قۆناغێكی خوێندنیش به‌پێی ئاست‌و پێداویستییه‌كانی خۆی ئامانجه‌كه‌ دیاریده‌كات، واته‌ په‌روه‌رده‌و گۆشكردن بۆ قۆناغه‌كانی خوێندنی سه‌ره‌تا، به‌هێزكردنی پایه‌كانی ڕه‌وشت بۆ قۆناغه‌كانی ناوه‌ندو گفتوگۆو گه‌شه‌پێدانی فه‌لسه‌فه‌ی په‌روه‌رده‌یی بۆ قۆناغه‌كانی خوێندنی كۆتا ده‌بنه‌ ئامانج، ئیدی ئه‌م پرۆسه‌یه‌ هه‌میشه‌ به‌مشێوه‌یه‌ له‌ نوێبوونه‌وه‌دا ده‌بێت.".

**به‌شی دووه‌م**

٢. ئه‌زموونی وڵاته‌ پێشكه‌وتووه‌كان

به‌و پێیه‌ی هه‌موو ئه‌نجامێك ده‌رهاویشته‌ی هۆكارێكه‌، ئه‌وا هه‌ر چاكسازی‌و شۆڕشێكیش له‌ دونیادا كه‌ ڕووده‌دات، چه‌ندین هۆكار له‌ پشت به‌رپابوونی ئه‌و شۆڕشه‌وه‌ ئاماده‌گی هه‌یه‌، جا ئیتر چاكسازی‌و شۆڕشه‌كه‌ له‌ هه‌ر بوارێكی وه‌ك رامیاری، كۆمه‌ڵایه‌تی، ئاینی، ئابوری، یان په‌روه‌رده‌یدا بوبێت، به‌مپێیه‌ ئه‌و گۆڕانكاریانه‌ی له‌سه‌ر ئاستی په‌روه‌رده‌ له‌ وڵاته‌ پێشكه‌وتووه‌كانی جیهاندا ده‌بینرێت، به‌ بوونی چه‌ندین هۆكار ڕوویانداوه‌، كه‌ له‌م توێژینه‌وه‌یه‌دا به‌ نمونه‌ی هه‌رسێ وڵاتی هندستان، سه‌نگافوره‌، یابان، ئاماژه‌ی بۆ ده‌كه‌ین‌و چۆنێتی بایه‌خپێدانیان به‌ لایه‌نی په‌روه‌رده‌ییان ده‌خه‌ینه‌ڕوو.[٤]

- **هندستان**

هندستان یه‌كێكه‌ له‌و وڵاتانه‌ی زۆرترین ڕێژه‌ی دانیشتوانی هه‌یه‌و هه‌ژاری‌و كه‌مده‌رامه‌تی باڵی به‌سه‌ر زۆرترینی ئه‌و ڕێژه‌یه‌دا گرتووه‌، ئه‌م وڵاته‌ به‌ حوكمی فره‌ئاینی، گیرۆده‌ی كلتورێكی دواكه‌وتوون‌و هه‌ندێك له‌ ناوچه‌كانیان له‌ ڕووی جوگرافییه‌وه‌ دووره‌ده‌ست‌و له‌ ڕووی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه‌ وابه‌سته‌ی نه‌ریته‌ دواكه‌وتووه‌كانن.

هەندێ لە ناوچە دورەدەستەکان کە دەورەدراون بە دارستانی چڕ، لە شەقامو کارەبا بێبەشن، منداڵانی ئەم شوێنانە زیاتر لە سابوونو دەستشتن ئاشنایەتیان لەگەڵ فیشەك هەیە، ئەم منداڵە شەڕەنگێزانە پێویستیان بە پەروەردەیەکی تەندروستە تاکو بۆ داهاتوویەکی جیاواز لە هەنوکەیان ئاڕاستەبکرێن.

هەر لەم شوێنانەدا خواستی دایکوباوکان بۆ منداڵەکانیان هێندەی پەیداکردنی کارو نانە ئەوەندە لە خەمی پەروەردەکردنو پێخوێندنیان نین، هەر بۆیە لەم دەڤەرانەدا دایکوباوکان منداڵەکانیان بەرامبەر بە رووپێیەکی کەم رووبەڕووی کاری قورسو گران دەکەنەوە.

فەرامۆشکردنی پەروەردەو خوێندن لە ناوچەکانی هندستاندا پتر لە کوڕ، منداڵانی کچ پێوەی دەناڵێنن، بەحۆرێك لەوێدا کچ لە تەمەنی ١٤ساڵیدا بە شوو دەدرێتو لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا خاوەنی ٥ منداڵە!! لەبەرئەوە زۆرینەی منداڵانی رەگەزی کچ لە هندستان نە خاوەنی پەروەردەو رۆشنبیرییەکی تەندروستن، نە باوەڕو متمانەیان بە خۆیانە، نە دەشزانن چۆن رێز لە خۆیان بگرن.

گەڕەکە هەژارنشینەکان کە لەناوجەرگەی شاردان، خاوەنی کۆمەڵێك کۆسپن، کە هەمیشە دەیانەوێت رووبەڕووی بنەوە، هەڵبەت ئەمەش جیاوازی سەرنشینی تاکی شارییو لادێییە، کە بەردەوام خاوەن هزرێکی گەنجانەن، لەم شوێنانەدا نەبوونی پەروەردەیەکی سەربەخۆ وادەکات بەدەستهێنانی تونددوتیژی، مادەی بێهۆشکەرو قەدەغەکراوەکان، خواردەنەوەکان زۆر ئاسنتر بێت لە بەدەستهێنانی پەرتوکێك..! هەموو ئەمانەش کە ئاماژەی بۆ کرا، هۆکاربوون بۆ راچڵەکینو پیادەکردنی شۆڕشێك.

شۆڕشە پەروەردەییەکە لەسەر دەستی رابەرو مامۆستایەکی رۆحیو ئاشتیخواز بە ناوی گرودێڤ سری سری راڤی شانکار Gurudev Sri Sri Ravi Shankar لە دوورترین شوێنەکانی هەندستان دەستیپێکرد، ئەمەش بە هاریکاریکردنی هۆکارەکانی گواستنەوە، پێداویستییەکانی خوێندنو دابینکردنی بینا، دواتر ئەم شۆڕشە هینرایە نێو گەڕەکە هەژارنشینەکانەوە.

شۆڕشە پەروەردەییەکە بریتیبوو لە دامەزراندنی زیاتر لە ٤٢٥ قوتابخانەی خۆڕایی لە لادێو هۆزو گەڕەکە هەژارنشینەکاندا، کە هەزاران فێرخوازی سەرەتایی بە رێژەی ٥٣،٣٦١ فێرخواز لە رووی فێرکردنو پەروەردەییەوە پێدەگەیەنێت. ئەم منداڵانەی کە لەم قوتابخانەنە دەخوێنن بە تەنها سودمەندنین لە لایەنی پەروەردەییان بەڵکو سود لەو کارامەییانەشیان دەبینن کە دەبنە هۆکاری ژیاندنیان.

شانکار دوای ١٠ رۆژ چوونە خەڵوەتەوە، بۆیدەرکەوت کە یۆگاو میدیتەیشن هۆکارێکی گرنگن بۆ ئاسودەبوونو وەرگرتنی زانیارییەکان بەبێ پەستانی دەروونیو جەستەیی، ئەمەش کرایە پێوەرێك لە قوتابخانە خۆڕاییەکاندا بۆ هاوسەنگیو ئامادەگی دەروونیو جەستەیی فێرخواز لە پۆلەکاندا بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، بەمپێیە بەر لە هەرشت فێرخواز کرایە هاوڕێی ژینگە، کە بەهۆیەوە توانای فێرخواز بۆ دۆزینەوەی بەهرە شاراوەکانیان هاندراو پەرەپێدرا.

ئەم پێوەرەی شانکار وایکرد روانگەی قوڵبوونەوەی جیهانبینیو توانایان بۆ پراکتیزەکردنی رۆشنبیریی کلتوری وڵاتەکەیان برەوپێبدەن، ئەمەش بە ناوی هونەری ژیان The Art of living ەوە پیادەکرا.

هونەری ژیان لە هەموو قوتابخانە خۆڕاییەکاندا پێڕەوکرا، ئەمەش لەبەرئەوەی فێرخوازانی هەر قوتابخانەیەك بەپێی بنەمای جوگرافیو کلتوریو بیرکردنەوەی خەڵکەکەی خاوەنی کۆمەڵێك کۆسپن کە رووبەڕوویدەبنەوەو پێویستیان بە پیادەکردنی میکانیزمەکانی هونەری ژیانە، ئەم میکانیزمەش وەهای کرد رایەڵێکی تەندروستو یەکگرتوو لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکان لە چۆنێتی پەروەردەکردنی فێرخوازەکاندا بێتەدی.

**سەنگافورە**

سەرەتا سەنگافورە دورگەیەکی هێندە بچوك بووە، هەندێ لە رۆژنامەنووسەکان بە زەلکاو ناویانبردووە، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٩ لیی کوان یو بوو بە سەرۆك وەزیرانی سەنگافورە، ئەم دورگە بچوکە دەبێتە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك ئێستا، یەکێك لە بوارە گرنگو جێ سەرنجەکانی لی کوان، بواری پەروەردەو فێرکردن بووە، ئەمەشی کردە بنەمایەك بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤی سەنگافوری، بەجۆرێك تاك لە سەنگافورە ببێتە مرۆڤێك کە توانای گەشەدان بە ئایندەی وڵاتەکەی هەبێت، لەبەرئەوە گرنگی بە وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن دراو هەوڵی دۆزینەوەی بەهرەی فێرخوازان بۆ بەکارهێنانی وزەکانیان بە باشترین شێوە تەحقیقکردنی ئەنجامە نوێکانیان درا.

بەرلە لی کوان، سەنگافورە لە خراپترین دۆخی کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئابووریو پەروەردەییدا بووە، لەم نێوەندەشدا بێدەرامەتی تاك لە دۆخە هەرە دیارەکانی سەنگافورە بووە، بۆیە لی کوان بۆ رزگارکردنی سەنگافورە، باشکردنی دۆخی ئابووریو پەروەردە بە بنەمایەکی گرنگ دادەنێت.

سەنگافورە لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەوە لە سێ رەگەزی چینیو مالاویو هندی پێکهاتووەو خاوەنی فرەزمانو فرەئاینو فرەناسنامەن، لی کوان لە پێناوی یەکپارچەیی خاکەکەییو نەهێشتنی جیاوازی رەگەزایەتیو دروستکردنی هزری خۆنەویستیو ئینتیماو خۆشەویستی بۆ نیشتمان، ئەگەرچی زۆرترین ریژەی دانیشتوانەکەی زمانی چینی بووە بەڵام زمانی ئینگلیزی وەك زمانی فەرمی راگەیاندووە.

یەکێك لە لایەنە پەروەردەییەکانی تاك لای لی کوان یو، فێرکردنی خزمەتکردنی وڵاتە نەك جیاوازیکردن لەنێوان زمانو ئاینو ناسنامەدا، هەر بۆ ئەمەش ناوبراو گرنگی بە ئامانجەکانی خوێندنو سیستمی پەروەروەردە دا، بەجۆرێك ئامانجی سەرەکی بریتیبووە لە گەشەپێدانو برەودان بە تواناکانی فێرخواز لە رووی ئاوەزو ئاکارو جەستەییەوە، بەهۆشییەوە دەرخستنو پەیبردن بە کارامەییو توانای فێرخوازەکە تا بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاو گەلو نیشتیمانەکەی بەکاربهێنێتو جێبەجێیبکات، بەمەش لی کوان یو سەرەتا جەختی لەسەر بەرهەمهێنانی جۆری کردووەتەوەو دواتر بە چەند قۆناغێك چاکسازی لە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتەکەیدا کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٥ و دوای جیابوونەوەی سەنگافورە لە مالیزیا، چەندین بینای قوتابخانە دروستکراو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا دامەزرا، دواتر لە ماوەی هەفتاکاندا سەنگافورە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ راگەیەنرا، لە سەرەتادا حکومەت تیبینیکرد ئەو ژمارە زۆرەی فێرخواز کە بەهۆی کەمدەرامەتیو هەژارییەوە وازیان لە خوێندن هێناوە، بەهۆی کارامەییانەوە زۆر بەئاسانی دەتوانن کار بەدەستبێنن، ئەمەش هاندەر بوو بۆئەوەی سود لە کارامەییو وزەی ئەو منداڵانە وەربگیرێت. بۆ ئەمەش دەست بە قۆناغی چاکسازی لەسەر بنەمای (توانا یان شایەنبوون) کرا، لەبەرئەوە فۆکس خرایەسەر پرۆگرامی خوێندنو یەکخستنی خوێندنو گرنگیدان بە لیژنەی بەدواداچوونی قوتابخانەکان، ئەوەی شایەنی ئاماژەپێدانە ئەوەیە کە لەم قۆناغەدا هیچ بیرۆکەیەك لەسەر داهێنانو گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن بەدەستپێشکەریکردنی مامۆستا رووینەدا.

پاشان لە کۆتایی هەشتاکاندا وەزارەتی پەروەردە دەستی بە چۆنێتی خوێندنی کردو لە نەوەدەکاندا حکومەت درکی بەوە کرد، کە ژمارەیەکی کەم لە قوتابخانە تایبەتەکان بەس نین بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری، بۆیە قۆناغێکی دیکە لە چاکسازیی لە سیستمی پەروەردەدا بە ناوی (النموذج المرکز علی القدرە- نمونەی جەختکردنەوە لە توانا) گیرایەبەر کە چوار پرانسیپی لەخۆگرتبوو:

١. پێداچوونەوە بە موچەو داهاتی مامۆستایان.

٢. پێدانی سەربەخۆیی زیاتر بە بەڕێوبەرانی قوتابخانەکان.
٣. لابردنی پشکنین، لەبری ئەوە پەرەپێدان بە تایبەتمەندکردنی قوتابخانەکان.
٤. دابەشکردنی قوتابخانەکان بۆ چەند کۆمەڵێك کە ڕێپیشاندەری پسپۆڕ سەرپەرشتیاندەکەن، توانای گەشەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامی تازەی پێبەخشین، چونکە ئەم سیستمە دەرفەتی یەکتربینین و گفتوگۆکردنی بۆ رەخساندن دەربارەی هەوڵە پیشەییەکانیان کە ئەمەش بووە هۆکاری دانانی سیستمی سەرچاوە هاوبەشەکان.

لە ٢٠٠٥ەوە قۆناغێکی دیکە پێڕەوکرا ئەویش جەختکردنەوە بوو لە پەروەردە لەبری فێرکردن، بەجۆرێك فێرکردن کەمبکرێتەوەو پەروەردەکردن زیادبکرێت، بەو واتایەی فۆکس بخرێتەسەر شێوازەکانی وانەوتنەوەو پەروەردەکردنی هزرو کەمکردنەوەی قەوارەی ناوەڕۆك لەپێناوی فراوانکردنی تێڕامان و بیرکردنەوەی فێرخوازدا، بۆ ئەمەش پشت بە توانای مامۆستاو هەموو هۆکارەکان لە کەرتی فێرکردندا بەستراو جەختی مامۆستا لەسەر کردەی پەروەردەو پاشان فێرکردن چڕکرایەوە.

سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی لە سیستمی پەروەردەی سەنگافورە، بەچەشنێك کە لەسەر ئاستی جیهان گەیاندیە ترۆپکی سەرکەوتن بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم/ حکومەتی سەنگافوری زۆرترین بودجەی بۆ بواری پەروەردە تەرخانکرد، بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٧ زیاتر لە ٧,٥ ملیار دۆلاری بۆ تەرخانکرا کە ١٥,٢٪ میزانییەی حکومەتی سەنگافورە بوو.

دووەم/ مامۆستا زۆرترین ڕێژەی موچەی بۆ تەرخانکرا.

سێیەم/ سندوقێك بۆ هاندانی فێرخواز بۆ خوێندن بە بڕی ٤ ملیار دۆلار تەرخانکرا.

چوارەم/ دیاریکردنی بڕی سزای ٥ هەزار دۆلار ئەو خێزانانەی منالەکانیان نەئەخستە قوتابخانە.

پێنجەم/ هاندانی سەرمایەداران بۆ کۆمەکیکردنی قوتابخانە دوورەدەستەکان و هاوکاریکردنی ئەو قوتابخانانە لەلایەن سەرمایەدارانەوە.

شەشەم/ هیچ پرۆژەیەکی سیاسەتی پەروەردەیی ڕانەگەیەنراوە تا بە پلانێکی روون بەرجەستەنەکرابێت.

حەوتەم/ جێگیربوونی لایەنی رامیاری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵك.

گرنگترین ئامانجی پەروەردەو فێرکردن لە سەنگافورە:

١. کەسێکی متمانەبەخۆو خاوەنی بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە بێت و توانای ڕەخنەگرتن و پەیوەندیکردنی بەوانی ترەوە هەبێت.

٢. فێرخواز بەرەو خودی خۆی ئاڕاستەدەکرێت.

٣. کارکردن لەناو تیم و هەوڵی داهێنان لە بوارەکەیدا.

٤. هاوڵاتی دەبێت بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەی کاربکات و خاوەنی هۆشیاری نوێ و بەهێزبێت و بزانێت چی لەچواردەوریدا دەگوزەرێت و پەیوەست بێت بە خاکەکەیەوە.

**یابان**

یاسای دامەزراندنی پەروەردە لە یابان بۆ ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە، کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە چاکسازی تێدا کرا، سیستمە کۆنەکە (٦،٥،٣،٣) بە سیستمی (٦،٣،٣،٤) گۆڕا، بە واتا (٦ساڵ بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، ٣ ساڵ بۆ ناوەندی و ٣ ساڵی دیکە بۆ ئامادەیی و ٤ ساڵ بۆ زانکۆ) سەرچاوەی ئەمەش سیستمی ئەمریکی بوو.

یابان یەکێکە لە باشترینی وڵاتەکانی جیهان کە خەڵکەکەی خاوەن پەروەردەیەکی تەندروستن و لە ١٠٠٪ی

دانیشتوانەکەی بە خورتەکی خوێنەوار لە ٠% نەخوێنەوارن.

سیستمی پەروەردەی یابان خاوەنی چەند تایبەتمەندێتییەکی جیاکەرەوەن کە نەك تەنها هۆکارن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنو بەرهەمهێنانی تاکی زیرەكو بەرپرسیارو بەرێزو داهێنەر، بەڵکو ئەمە وایکردووە یابان بکاتە پێشکەوتوترین وڵات لەسەر ئاستی جیهان، لەم توێژینەوەیەدا بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو خاڵە جیاکەرەوانە دەکەین:

یەکەم/ پێویستە رەوشت پێش مەعریفە بێت، لەنێو قوتابخانەکانی یاباندا منداڵ تا گەشتن بە قۆناغی چوارەم کە تا تەمەنی ١٠ساڵی دەکات تاقیناکرێتەوە، بەڵکو تەنها هەندێ تێستی بچوك small test دەکرێن، فەلسەفەی پشت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی داڕێژەرانی سیستمی پەروەردە باوەڕویان بەوە هەیە کە منداڵ لە سەرەتای تەمەنی قوتابخانەیدا بەرپرس نییە لە چەندێتی کۆزانیاریو حوکم بە فێربوونو مەعریفەی ناکرێت، بەڵکو ئامانج لەم سێ ساڵە جێگیرکردنی رەوشتێکی بەرزو بەهێزکردنی کەسێتی منداڵە، بەمپێیە منداڵ لەم سێ ساڵەیدا بەرپرسە لە رەوشتیو لەسەر ئەم بنەمایە حوکمدەکرێت.

بۆ نمونە لەم سێ ساڵە سەرەتاییەی تەمەنی قوتابخانەیدا منداڵ فێردەکرێت رێز لەوانی دیکە، لە گەورەکان، ئاژەڵەکانو لە سروشت بگرێت، فێریاندەکەن چۆن بەخشندە بێت، چۆن بەبەزەییو بەسۆز بێت، هەروەها فێری چۆنایەتی دەکرێن وەك بەغیرەتی، بوێریو کۆڵنەدان، کۆنترۆڵکردنی خودو دادپەروەری.

دووەم/ ساڵی خوێندنی ئەکادیمی لە یابان لە یەکی نیسان دەستپێدەکات، ئەمە لەکاتێکدا زۆربەی زۆری قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان لە جیهاندا ساڵی خوێندنی ئەکادیمیان لە مانگی گەڵاڕێزان یان سەرماوەرز دەستپێدەکات، لە یابان مانگی نیسان بە ساڵی ئەکادیمیو رۆژمێری کار دیاریکراوە.

زۆرجار لە یابان وا رێدەکەوێت یەکەم رۆژی قوتابخانە لەگەڵ یەکێك لە جوانترین دیاردەکانی سروشت بێت، کە ساتی دەرکەوتنی گوڵی گێلاسە، ساڵی ئەکادیمی لە یابان بەسەر ٣ کاتدا دەبەشکراوە:

أ. ١ی نیسان تا ٢٠ گەلاوێژ

ب. ١ی گەڵاڕێزان تا ٢٦ دیسەمبەر

ج. ٧ جینوەری تا ٢٥ نەورۆز

بەپێی ئەو سێ کاتەی لەسەرە ئاماژەی پێدراوە، فێرخوازەکان لە یابان لە ماوەی وەرزی هاویندا ٦ هەفتە پشویان هەیە، هەروەها لە هەردوو وەرزی زستانو پایزیشدا ماوەی دوو هەفتە کورتەپشویان هەیە.

سێیەم/ زۆرینەی قوتابخانەکانی یابان پاسەوانو کارگوزاریان نییە، فێرخوازەکان خۆیان قوتابخانەکەیان خاوێندەکەنەوە، هەروەك پۆلو کافتریاو تەنانەت تەوالێتەکانیش، بۆ ئەم مەبەستەش فێرخوازەکان بە گروپی بچوکبچوك جیادەکرێنەوەو ئەرکەکانیان دیاریدەکرێتو تەواوی ساڵەکەش بەمشێوەیە بەردەوامدەبێت.

سیستمی پەروەردەی یابان بڕوایانوایە ویستی خاوێنکردنەوەی قوتابخانە لەلایەن خودی فێرخوازانەوە، دواتر فێری ئەوەیان دەکات، کە کار بە کۆمەڵ بکەنو هاوکاری یەکتر بکەن، لەگەڵئەوەشدا بەسەربردنی کاتەکانیان بە گسکدانو شتنو سڕینەوەو ...تاد، وایانلێدەکات رێز لە کارەکانی خۆیانو ئەوانی تریش بگرن.

چوارەم/ لە قوتابخانەکانی یاباندا، ژەمەخواردنەکان بە مینیوەیەکی/ رەچەتەیەکی خۆراکی ستاندارد پێشکەشدەکرێتو لە پۆلەکەدا دەست بە ناخواردندەکرێت، بەجۆرێك سیستمی پەروەردەی یابان باشترین دڵنیایی دەبلەخشێت بە فێرخوازان کە هەم ژەمەخۆراکی تەندروست بە فێرخوازان بدەنو هەم هاوسەنگیش لەنێوان ژەمەکاندا بپارێزن، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە نا کە چێشتلێنەری کارمەیان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە لەلایەن

پسپۆڕانەوە چاودێریدەکرێت، جگەلەمەش هاوپۆلەکان لەگەڵ مامۆستا پێکەوە لە پۆلەکەدا نانـدەخۆن، کە ئەمەش هۆکارە بۆ تەندروستی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار.

پێنجەم/ باوێتی ورکشۆپەکان دوای تەواوبوونی دەوامی قوتاخانەکان

بۆئەوەی فێرخواز بتوانیت بچێتە قۆناغێکی نوێی ئامادەییەوە، زۆربەی فێرخوازەکانی یابـان دەچـنە قوتابخـانەی تـایبەت، یـان دوای قوتابخـانە لە ورکشـۆپەکاندا ئامـادەدەبن، وانەوتنەوەکـانی ئەم قوتابخانـانە لە ئێوارانـدایە، لەم کۆرسانەدا بەسەر ئەو پرۆگرامەدا دەچنەوە کە پێشتر خوێندراوە.

شەشەم/جگەلە وانە نەریتییەکان، فێرخوازەکانی یابان فێری هونەری خەتخۆشـیو هـۆنراوە دەکـرێن، بـۆ ئەمەش یابانیەکان قەڵەمی فڵچەی مرەکەب بۆ نوسینی هیرۆگلیفی لەسـەر پەڕەی بـرنج بەکـاردێنن، بـۆ خەڵکـی یابـان شـۆدۆ جۆرە هونەرێکە کە کەمتر باوترە لە وێنە نەریتییەکان، لەلایەکی ترەوە هایکۆ کە فـۆرمێکی هـۆنراوەیە، گوزارشـتێکی سادەی هەیە بۆ گەیاندنی قوڵترینی هەستەکان بە خوێنەر، بەو مانایەی چڕکردنەوەی گوزارشـتکردن لەسـەر شـتێك بە شێوەی هۆنراوە، هەردوو جۆرەکە خەتخۆشیو هۆنراوەی هایکۆ، منداڵ فێـری ڕێزگـرتن لە کلتـورو چەقـی دابـونەریتە کۆنەکانیان دەکات.

حەوتەم/ لە یابان پێویسـتە هەمـوو فێرخـوازان یەك پۆشـاك بپۆشـن، جگەلەوەی ئامادەییەکـان یەك جـۆر پۆشـاك دەپۆشن، هەندێ لە قوتابخانەکانیش پۆشـاکی تـایبەت بە خۆیـان هەیە، نەریتـی یەکپۆشـی قوتابخانەکـانی یابـان بـۆ کوڕان شێوازی پۆشاکی سەربازییەو بۆ کچان پۆشاکی دەریاوانییە.

سیاسەتی یەکپۆشی دەبێتەهۆی لابردنی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکانو ئاسودەیی بە خوێنـدنەکەیان دەبەخشـێت، وێڕایئەوەش یەکپۆشی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا وادەکات هەستی نەتەوایەتی لەنێو منداڵەکاندا زیادبکات.

هەشتەم/ توێژەران ئەو ئەنجامەیان بەرجەستەکردووە، کە ڕێژەی ئامادەبوون لە قوتابخانەکـانی یابـان لە ٩٩،٩٩%، ئەم ڕێـژەیەش تەنهـا مەبەسـتە فیـزیکییەکەی فێرخـوازان نیـیە، بەڵکـو لە هەمانکـات ئامـادەگی دەرونیشـە، لەم ڕوانگەیەوە توێژەران دەڵێن نزیکەی ٩١% قوتابیانی یابان هەرگیز ڕووینەداوە لە وانەکانیاندا ئاگایـان لە وانەوتـنەوەی مامۆستا نەبێت.

نۆیەم/ تاکە تێستێك بڕیار لەسـەر داهـاتووی فێرخـوازان دەدات، ڕوونتـر لە کۆتـایی قۆنـاغی ئامـادەیی فێرخـوازە یابانییەکان پێویستە تاقیکردنەوەیەکی گرنگـو گـران ئەزمـونبکەن، کە بڕیـار لەسـەر داهاتویـان دەدات، فێرخوازەکـان دەتوانن کۆلێژێـك هەڵبژێـرن کە تێیـدا خولیـای چوونە ئەوێـیان هەیە، هەروەهـا ئەو کـۆلێژە داواکراوە بە نمرەیەکـی دیاریکراو، ئەگەر فێرخوازان نەتوانن ئەو نمرە دیاریکراوە بەدەستبێنن، ئەوا ناتوانن بچنە ئەو کۆلێژەوە.

کێبڕکێکە زۆر گرانەو لە ئاستێکی بەرزدایە، تەنها ٧٦% دەرچووانی قوتابخانە دوای قۆنـاغی ئامـادەیی بەردەوام لە خوێندنیان دەبـن، شـتێکی سەرسـوڕهێنەر نیـیە کە مـاوەی خۆئامـادەکردن بـۆ تـاقیکردنەوەی چـوونە دامەزراوەکـانی خوێندنی باڵا بە (تاقیکردنەوەی دۆزەخی) ناسراوە.

دەیەم/ ساڵەکانی کۆلێژ باشترین پشووەکانی ژیانی فێرخوازانە، دوای تێپەڕینی تاقیکردنەوەی دۆزەخی، هەمیشـە فێرخوازانی یابان کورتەپشـویەك وەردەگرن، زۆرجـار لەم شـارەدا کـۆلێژ بە باشـترین سـاڵەکانی ژیـانی تـاکە، زۆرجـار خەڵکی یابان ئەم ماوەیە بە مۆڵەتی گەشتکردن ناودەبەن.

خســتنەڕووی پرانســیپ و مۆدێلەکــانی هەر ســێ وڵاتــی هندســتان، ســەنگافورەو یابــان ئەو پرســیارەمان لادروسـتدەکات، ئـاخۆ لە خراپتـرین دۆخـی پەروەردەیـی هەرێمـدا، تـوێژینەوە پەروەردەییەکـان بە تـایبەت ئەو

توێژینەوانەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، چ میکانیزمو ستراتیژێکیان بۆ باشکردنی دۆخی پەروەردەیی پێشنیازکردووە، هەڵبەت لە نەبوونی وەها توێژینەوەیەکو پێشنیازێکی زانستیانەدا، هەوڵدرا بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ پێشکەشکردنی چەند میکانیزمێکی پێشنیازکراو تەرخانبکرێت.

**بەشی سێیەم**

٣. میکانیزمو ستراکچەری پێشنیازکراو بۆ شۆڕشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم میکانیزمو ستراکچەرە نمونەیەکی پێشنیازکراوە بۆ ئەو شۆڕشە پەروەدەییەی کە دەشێت لە کوردستاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەرپابکرێت، کە لە هەمانکاتیشدا ئامانجی توێژینەوەکەیە، پشت بە سێ کۆڵەکە دەبەستێت:

کۆڵەکەی یەکەم/ بۆردی پەروەردەیی:

بریتییەلە پێشنیازی دامەزراندنی بۆردێکی تایبەتمەند، کە بە شێوازێکی خولیو لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی دەستنیشاندەکرێن، بەجۆرێك لە چەند پسپۆڕێكو شارەزا لە بوارە جیاجیاکانی پەیوەست بە فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردن پێکبهێنرێتو ئەرکەکانیان بریتیبێت لەمانەی خوارەوە:

- دارشتنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی لەلایەن ئەو پسپۆڕانەی وەك بۆردی پەوروەردەیی دەستنیشاندەکرێن، بۆردەکەش پێویستە فرەپسپۆڕێتی لەخۆبگرێت، کە سەرجەم کایەکانی بواری پەروەردەییو ڕۆشنبیری بگرێتەوە هەروەك دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمان، هونەر، پەروەردە...تاد، لە دارشتنی پرۆگرامە پەروەردەییەکەشدا بنەمای زانستییو فەلسەفیی ئەو بوارانە ڕەنگبداتەوە.
- ئەندامانی ئەم بۆردە پەروەردەییە پێویستە چەند ساڵ جارێكو بە شێوەی خولی لە ڕێگەی سازدانی کۆنفرانسەوە، هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوە بۆ سەرلەبەری ڕەهەندەکانی پەیوەست بە شۆڕشی پەروەردەیی بکەن، واتە فەلسەفەی پەروەردەییو پەروەردەکاری پێشەنگو پرۆگرامو پرۆسەی خوێندن بەگشتی گفتوگۆبکەن، بەمەش دەتوانرێت گرەنتی بەردەوام نوێبوونەوەی سەرجەم پرۆسەکە بۆ هەمیشەو سیستماتیکانە دەستەبەربکرێت، کە ئەمەش بێگومان بە پشتبەستنی بەردەوام بە توێژینەوەی نوێو زانستەکانی سەردەم دەستەبەردەبێت.

هەر پەیوەست بەمەوە نمونەی وڵاتێکی وەك نەرویج وەردەگرین لە پلانو نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندندا، کە هەر دەساڵ جارێك لەلایەن دەستەیەکی پسپۆڕەوە ئەم نوێبوونەوەیە بەپێداچونەوەی پرۆگرامەکان ئەنجامدەدرێت، هەروەك م. تاریق هێدی لەمبارەیەوە دەڵێت:

"پەرلەمانی نەرویجی کە پێیدەوترێت ستۆرتینگێت Stortinget پاش وەرگرتنی پێشنیازی ئامانجو چوارچێوەکانی فێرکردن لەلایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر خوێندنەکە داوەو دەدات، وەزارەتی زانیاری Kunnskapsdepartement باڵاترین ئۆرگانی بەڕێوبەرایەتییە، کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی سیاسەتو خوێندنو قوتابخانەی نیشتیمانی، ستانداردێکی نیشتیمانی گشتی لە ڕێی یاساو ڕێنماییو پلانی فێرکردنەوە، زەمانەتی کراوە، واتە بۆ نمونە مامۆستا یان کارگوزارێك کە لە چوارچێوەی قوتابخانەدا کاردەکات دەبێت بەپێی ئەو یاساو ڕێنماییانە بێت کە لەلایەن پەرلەمانو وەزارەتەوە دانراون، یان کاتێك مامۆستا وانەیەك ئامادەدەکات بۆ قوتابییەکی پۆلی ٦ یان ١٢ یان زانکۆ، دەبێت بەپێی ئەو پلانی فێرکردنە بێت کە دانراوە، بۆ نمونە بۆ خوێندنی بنەڕەتی لە نەرویج پلانێکی فێرکردن هەیە بەناوی kunnskapsløftet کە بە کوردی بە واتای (بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری) دێت. لەگەڵئەوەشدا

ئەم پلانی فێرکردنە جێگیر نییەو نزیکەی هەر دە ساڵ جارێك پلانێکی نوێ، بە ناوێکی نوێو فرژنێکی نوێو داوای نوێوە دێتەکایەوە، دیارە ئەمەش سیاسییەکان بۆ نمونە وەزیرێکی وەك ئەوەی لە کوردستان پێیدەوترێت (وەزیری خوێندنی پەروەردە) بە دونیابینییەکی تایبەتەوە، ئاڕاستە گشتییەکانی پلانی نوێ بڵاودەکاتەوە، ئیتر لیژنەی تایبەت بە هاوکاری گەلێك لایەن پلانەکە دەنوسنەوە، بەڵام مەرج نییە گۆڕانکاری زۆر زۆر گەورەش بکەن، دیارە هەمیشە فەلسەفەیەك لە پشت ئەو گۆڕانکارییانەوە هەن و رەچاوی پێشکەوتنەکانی دونیاش دەکرێت.

جا پلانی فێرکردنەکە بۆ سەر چەندین بەشی جیاجیا دابەشکراوە، سەرەتا بۆچوونە گشتییەکان، پاشان بۆ هەر وانەیەك بە وردیو بە جیا ئامانجەکانی فێرکردنی وانەکە لە هەر قۆناغێکی خوێندن و ئەو شتانەی فێرخواز دەبێت فێریان بێت. لێرەدا نمونەیەك دەخەمەڕوو، کە تایبەتە بە وانەی (ئایین)، کە لە نەرویج پێیدەوترێت (KRLE) کە کورتکراوەی (کریستیان، ئایین، روانینی مرۆڤەکان بۆ ژیانو ئیتیك)ە، لەم وانەیەدا دەکرێت بڵێین ٧ بابەت هەن کە دەبێت لە هەر قۆناغێکدا بخوێنرێت، ئەویش ئەمانەن:

- کریستیان (ئاینی مەسیح)
- ئیسلام
- یەهودییەت
- هیندۆنیزم
- بودیزم
- روانینی مرۆڤدۆستانەو غەیرە ئایینی بۆ ژیان
- فەلسەفەو ئیتیك

ئیتر لە پلانی فێرکردنەکەدا بۆ نمونە باس لەوە کراوە کە قوتابی دەبێت دوای چوارەم ساڵی خوێندن چی بخوێنێت لە بارەی هەر یەکێك لەو بەشانەوە، تێبینیبکە لە وانەی ئایینـدا پێنج ئایینە گەورەکانی دونیا فەرزە بخوێنرێتو هاوکات روانینە غەیرە ئایینیو مرۆڤایەتییەکانیش دەبێت بخوێنرێت، ئیتر ئامانجەکانی فێربوونی هەر بەشێك روونکراوەتەوە، پاشان ئەو کتێبانەی کە دادەنرێن و ئەو وانانەی کە مامۆستا ئامادەیان دەکات دەبێت بەپێی ئەو ئامانجە بێت کە لە پلانی فێرکردنەکاندا دانراون. (چاوپێکەوتن: م. تاریق هێدی پسپۆر لە زمانو پەروەردە-نەرویج )

کۆڵەکەی دووەم/ فەلسەفەی پەروەردە:

یەکەم/ چۆنێتی داڕشتنی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەیی لەلایەن بۆردی پەروەردەییەوە.

لە جیهاندا چەند جۆرێك لە فەلسەفەی پەروەردە هەورەك (فەلسەفەی پەروەردەی ئایدیالی، ریالیزمی، نێچرالیزمی، پراگماتیزمی) جێبەجێدەکرێت، بۆیە پێویستە توێژەرانو بیرمەندان لە هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی داڕشتنی فەلسەفەی پەروەردەیدا، جەخت لە جۆرێك فەلسەفە بکەنەوە کە جیهانی پێشکەوتوو پشتی پێبەستووە، هەڵبەت ئەمەش بە تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسیو ئاینیو کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانو چۆنێتی پیادەکردنی ئەو فەلسەفەیە دەبێت.

بێگومان شۆڕشی پەروەردەیی بریتییەلە هەوڵێك بۆ داڕشتنەوەی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگاو بەهێزکردنی لایەنی ئەرێنیو لاوازکردنی لایەنی نەرێنی هەڵسوکەوتی تاکەکان، ئاشکرایە کە هیچ تاکێك نابێتە فریشتە هەروەك چۆن کۆمەڵگەی فریشەیی بوونی نییە، بەپێی پێوەرەکانی دەروونناسیو کۆمەڵناسیی لە ناخی هەر تاکێکدا دیوێکی

ڕەش و دیوێکی سپی هەیە، کۆمەڵگاکانیش بە هەمان شێوەیە، واتە هێڵێکی روون بۆ پێناسـەکردنی هەردوو چەمکی (چـاكو خـراپ) نەکێشـراوە، بەڵام لە هەمانکاتـدا جیاکردنەوەیـان بـێ بنەمـا نیـیەو یاسـای تـایبەت بەخـۆی هەیەو پێوەرەکەش ڕێژەییە، واتە بناغەی بڕیاردان لەسـەر چاکەو خـراپە بـۆ تـاكو کۆمەڵگاکـان ڕێـژەییە، پارسـەنگی (چاكو خراپ) کامیان زیاتر بوو ئەوە دەبێتە پێناسەیەکی گشتی بۆ تاكو کۆمەڵگاکان، بێگومان هەمان پێـوەریش بـۆ دەسـتە، گروپ، کۆڕ، ڕێکخراو، گوند، شارو نەتەوەو گەل بەکاردەهێنرێت.

واتە پێویستە شۆڕشی پەروەردەیی بە شێوازێکی ڕێژەیی لەگەڵ ئاکاری تاکەکان سـەرودەربکاتو ڕێـز لە ئـازادییە تایبەتییەکانی تاك بگرێـت، لێـرەوە پێویسـتە پانتـاییەك بـۆ ئـازادی هەڵبژاردنـی تاکەکـان بهێڵـرێتەوە، بەمەرجێك ئەو شێوازە ئاکاریـانە تایبەتمەنـدبن بە ژیـانی خـودی تاکەکـان خۆیـانو کـاریگەری نەرێنیـان لەسـەر کۆمەڵگا نەبێـت، لەم دیدەوە دەکرێت بەگشتی لە فەلسەفەی داڕشتنی پەروەردەییدا ئاکاری تاكو کۆمەڵگا بە دوو جۆر دەستنیشانبکرێت:

یەکەم/ ئەو ئاکارانەی کار لە سروشتی ژیـانی تاکەکـان خۆیـان دەکەنو ئەمـانەش ئـازادی خـودینو پەیوەسـتن بە بڕیاردانو هەڵبژاردنی تاکەکان خۆیانەوە.

دووەم/ ئەو ئاکـارانەی کاریگەریـان لەسـەر چـارەنووسو داهـاتووی کۆمەڵگـا هەیە، پێویسـتە لەسـەر بنەمـای لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەلایەن پسپۆڕانو زاناو دەروونناسانو پەروەردەکارانەوە بڕیاریان لەسەر بدرێت، کە بەهۆیەوە کۆمەڵگا لەسەر پێوەرە ئاکارییە پەسەندە بڕیار لەسەردراوەکان رابهێنرێتو لە ڕێگەی سیسـتمی پەروەردەو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە بچەسپێنرێت.

گشتاندنی فەلسەفەی پەروەردە لەسەرجەم کایەکانی ژیـانی کۆمەڵگـادا پێویسـتە بەجۆرێـك بێـت، کە لە دایەنـگەو باخچەی ساوایانو قوتابخانەکانەوە دزەبکاتە نێو خێزانەکانو یەکێتی پەروەردەیی فەراهەمبکـات، بەو واتـای ئەوەی کە پێویستە باوانو کۆمەڵگەو ژینگەی دەرەوەی پرۆسەی خوێندن سـەرجەمیان پابەنـدبن بە پرانسـیپو بەرنامەکـانی خوێندن کە لەسـەر بنەمـای فەلسـەفەی پەروەردەیـی پێشـنیازکراو جێبەجێبکرێـتو لێـی لانەدرێـت، بەڵکـو پاڵپشـتو هاوکاربن بـۆ سەرخستنی، چـونکە بە یەکخسـتنی پەیـامی پەروەردە لەسـەر ئاسـتی ناوەنـدە جیاجیاکـانی خوێنـدنو خێزانو دامەزراوەکانی دیکە شۆڕشی پەروەردەیـی بە ئامانجەکـانی خـۆی دەگـات، دەسـتەبەرکردنی ئەم یەکخسـتنی پەروەردەییەش پێویسـتی بە هۆشیارکردنەوەی دایکوباوکـان هەیە لە ڕێـگەی خـولی تـایبەتو ڕاگەیانـدنو سۆشـیاڵ میدیاو...تاد پاڵپشتیکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی پەروەردەیـی، هەروەهـا جێبەجێکردنـی ئەو بنەمـا ئاکاریـانەی فێـری منداڵان دەکرێن، بـۆ ئەمەش دایکوباوکـانو مامۆسـتا ڕۆڵـی کاریگەریـان دەبێـتو تەواوکەری پرۆسـەی جێگیرکـردنەکە دەبن.

دووەم/ داڕشتنی بنەماکانی وانەی ڕەوشت

بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی پێشنیازکراو لەلایەن بـۆردی پەروەردەیـیەوە، پێویسـتە چەند میکانیزمێك بگیرێتەبەر:

١- فەراهەمکردنـی وانەیەکـی تـایبەت بە ناونیشـانی وانەی (ڕەوشـت) لەسـەرجەم قۆناغەکـانی خوێنـدن هەر لە قۆنـاغی دایەنـگەوە تـا خوێنـدنی بـاڵاو هەر قۆنـاغێکیش بەپێـی ئاسـتو پێداویسـتییەکانی خـۆی پرۆگرامـی بـۆ دەستەبەربکرێت.

٢- ڕەنگدانەوەی ویستو ئامانجەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی لە سـەرجەم بوارەکـانی دیـکەی زانسـتی، هـونەری، ئەدەبیو ڕۆشنبیری...تاد پرۆگرامەکانی خوێندندا.

٣- جێگیرکــردنو پاڵپشــتیکردنی ئامانجەکــانی ئەم فەلســەفە پەروەردەیــیە لە ســەرجەم یەکەو دامودەزگــا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، هەر لە خێزانو ناوەندەکانی راگەیاندنو رێکخراوو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...تاد، بەجۆرێــك کە تەواو هەمەئاهەنــگو هاوئــاواز بــنو هــیچ دژیەکیــیەك لە پەیــامو خواســتو ئاراســتەکردنی تاکــدا بەدینەکرێت.

کۆڵەکەی سێیەم/ پەروەردەکاران پێشەنگن

کۆمەڵگا وەك کایەیەکی پڕ کارلێكو زیندوو، هەمیشە پێویستی بە جەمسەرێك هەیە کە ببێتە خاڵی دەسپێكو بەردەوام لە هەموو رووبەکەوەو رۆڵی بزوێنەرو نوێکەرەوەو داهێنەر لە پێشخستنی ژیانو ژیاری کۆمەڵگادا ببینێت، ئەگەر کۆمەڵگە وەك چەند کارگەیەکی بەرهەمهێنی جیاجیا وێنابکەین، ئەوا بێگومان دەبینین کە گەورەترین کارگەو کاریگەرترینیان کارگەی پەروەردەیە، کە سەرجەم کایەکانی پەروەردەو خوێندن هەر لە دایەنگەوە تا ئاستە هەرە باڵاکانی خوێندن دەگرێتەخۆ. کارگەی پەروەردە ئەو کارگە دایکەیە کە کەرەستەی خاوی سەرجەم کایەو کارگەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرهەمئەهێنێت، بۆیە هەرکات ئەم کارگەی دایکە بەرهەمەکانی لە ئاستی پێویستدا نەبوون، داڕووخانو پاشەکشێو شکست روو لە سەرتاسەری کۆمەڵگا دەکات، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کارگەی پەروەردە بریتییەلە کارگەی ژێرخان واتە بەرلەوەی بیر لە پێشخستنی هەر کایەکی سەرخانی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە، پێویستە بیر لە چاککردنی کارگەی ژێرخان بکرێتەوە، کارگەی ژێرخانیش بێگومان پێویستی بە دەستی کارامەی بەرهەمهێن هەیە کە خــودی پەروەردەکــارانن. گــرنگە کۆمەڵگــا بــاوەڕی تەواوی بەوە هەبێــت کە دروســتکردنی شارستانییەت لە ناوەوەی مرۆڤەکان دەستپێدەکات نەك لە دەرەوەی مرۆڤو شەقامو باڵاخانەکان.

پەروەردەکاران هەمیشە بکەری چالاکی پشت هەر پەروەردەیەکی تەندروستن، وشەی پەروەردەکار هەر کەسێك دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندێتی پەروەردەکاری تێدا هەبێت، وەك دایك، مامۆستا، پزیشك، ...تاد. پێویستە ئەم توێژەی کۆمەڵگا بەرزترین پلەو پێگەی کۆمەڵایەتیان پێببەخشرێت، کە ئەمە خاڵی هەرە بنەڕەتییەو مەرجی سەرەکییە بۆ دڵنیابوون لە گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر شۆڕشێکی پەروەردەیی.

دیارە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە دەسەڵاتە شمولیو دیکتاتۆرییەکان بەمەبەستی پچڕاندنی شیرازەی کۆمەڵو زاڵبوونی هەمیشەیی بەسەریاندا، بەچەندین رێگە هەوڵی لاوازکردنو داڕمانی پێگەی مامۆستایانیان لە کۆمەڵگادا داوە، ئەمەش لە رێگەی دوورخستنەوەی پەروەردەکاران لە بڕیاردانو سوکایەتیو بێڕێزیپێکردنیانو ناچارکردنیان بە سەرکرزکردن بەهۆی خراپی هەلومەرجی نەداریو ژیانو گوزەرانەوە.

بە رەچاوکردنی ئەم خاڵە هەستیارە، پێویستە شۆڕشی پەروەردەیی پێداگیری لەم بنەمایانە بکات:

١. پێویستەو دەبێت پەروەردەکاران ناوەندی بڕیاردان بن لە کۆمەڵگادا، واتە جڵەوی بڕیاردان لەسەر چۆنێتی شێوازە دروستەکانی فەلسەفەی پەروەردەکردنی تاکەکانی لە کۆمەڵگادا، لە دەست پەروەردەکاراندا بێت.

٢. پێویستە باری دارایی پەروەردەکاران لە بەرزترین ئاستدا بێتو بکرێتە خاوەنی بەرزترین پێگە لە رووی مافو ئەرکەوە.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی پشکنینو توێژینەوەی دۆخی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستانو پێویستی بەرپاکردنی شۆڕشێکی پەروەردەیی بە دانانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی، بە دوو ئەنجامی سەرەکی گەشتین:

١. لە هەرێمی کوردستاندا فەلسەفەیەکی دیاریکراوی پەروەدەیی نییە، کە بەهۆیەوە کەسێتی تاکەکانی کۆمەڵگای

لەسەر بونیاتبنرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ پەرتەوازەیی کۆمەڵگەو شکستی کەسێتی تاکی کورد لە رووی بەرپرسیارێتیو متمانەبەخۆکردنو سەربەخۆیی بیرکردنەوەو رەفتارو هێزو ئیرادەیەوە.

٢. کێشــە پەروەردەیــیو کــۆمەڵایەتیو سیاســیو کلتورییەکــان لە کۆمەڵگــای کوردیــدا، لە ئەنجــامی کەلێنــی فەلسـەفەیەکی پەروەردەیـیەوە هەڵتۆقیـوەو پەرەیسـەندووە، بـۆ وەرچەرخـانو گـۆڕینێکی رەگوڕیشـەیی ئەم دۆخە نالەبـارو نەخـوازراوەش پێویسـتە شۆڕشـێکی پەروەردەیـی بەپێـی ئەو میکـانیزمو سـتراکچەرانەی لە دووتـوێی تـوێژینەوەکەدا خـراوەتەڕوو بەرپابکرێـت، ئەمەش دەبێـتە بنەمـای دروسـتکردنی کۆمەڵگـاو قوتـارکردنی لە دزێـویو دواکەوتووییەکانیو بناخەی دروستکردنی پایەکانی دەوڵەت.

**پێشنیاز:**

پێشنیازدەکەین کە لە داهاتودا ئەم توێژینەوەیە ببێتە بنەمای توێژینەوەی دیکە  دەربارەی ئەم بابەتانە:

١. شـێوازو کـاریگەری چاکسـازییە پەروەردەییەکـان لە شـوینەکانی دیـکەی جیهانـدا وەك سـەنگافورە، یابـان، ئەلمانیاو...تاد چۆنێتی سودوەرگرتن لە ئەزمونەکانیان لە کوردستاندا.

٢. توێژینەوە دەربـارەی فەلسـەفەی پەروەردەیـیو میکانیزمەکـانی داڕشـتنی فەلسـەفەی پەروەردەیـیو ئەزمـونی فەلسەفەی پەروەردەیی لە دەوڵەتە جیاجیاکانداو هەڵسەنگاندنی ئاستەکانیان. هەروەها چـۆنییەتی سـودوەرگرتن لەو ئەزمونانەو پیادەکردنی لە کوردستاندا.

**راسپاردە:**

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەم راسپاردەیە لەخۆدەگرێت

پێویستە دەزگـا فەرمـیو نافەرمییەکـان، هەروەك رێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی، وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو وەزارەتی پەروەردەو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بواری خوێنـدنەوە کە پێداویسـتی بەرپـاکردنی شۆڕشـێکی پەروەردەیی بـکەن بە یەکێـك لە ئامانجەکـانو پلانـی سـتراتیژی  خۆیـانو لە داهـاتودا کـاری بـۆ بـکەن، تـا بەهـۆیەوە کۆمەڵگایەکی پێشەکەوتوو تەندروست لە کوردستان لە ئاست لە وڵاتانی دونیا بێتەکایەوە.

## پەڕاوێز

١. بۆ زانیاریی دەربارەی چۆنێتی پۆلێنکردنی بەهاکانو پێڕەوکردن و بنەمـای شـیکردنەوەیان بـڕوانە: دکتـۆر سـابیر بۆکـانی، میتـۆدی توێژینەوەی زانستی، ٢٠١٦، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، سلێمانی.

٢. بـۆ زانیـاری دەربـارەی سـایکۆلۆجیای منـاڵ لـە فێربـوونی زمـانی دووەمـدا بـڕوانە  Piaget‟s Egocentrism and Language (Learning: Language Egocentrism (LE) and Language Differentiation (LD).

٣. ناوبراو بۆچوونە ئاماژەپێکراوەکەی لەم سەچاوەیەوە وەرگرتووە: (پەلانەك بۆ سیستما پەروەردەیی، گۆڤـاری ئاسـۆی پەروەردەیـی، ژمارە٦٥، ئاداری ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لا٥٩)).

٤. لە بەرجەسـتەکردنو وەرگرتنـی داتاکـان سـەبارەت بە مـۆدێلی وڵاتە پێشـکەوتووەکان پشـتمان بە وتـاری شـیکەرەوەی زانسـتی و راپۆرتە جیهانییەکان بەستووە کە بەستەری هەریەك لەو راپۆرت و وتارانە لە خوارەوە تۆمارکراوە:

https://www.artofliving.org/in-en/revolution-education9/10/2017
https://sg.moe.gov.sa/ar/Pages/education%20in%20singapore.aspx1/11/2017
http://mubasher.aljazeera.net/opinion٢٠١٧/١١/١١تجربە-التعلیم-فی-سنغافورە/

https://brightside.me/wonder-places/10-distinctive-features-of-the-japanese-education-system-that-made-this-nation-the-envy-of-the-world-214655/19/11/2017
http://ktateeb.org/?p=125622/11/2017

## سەرچاوەکان

کوردی:

**أ. کتێب:**

عزیز ئالانی، فەلسەفەی پەروەردە- هزرو هۆشیاری پەوەردەیی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٥.

سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، سلێمانی٢٠١٦.

**ب. نامەی زانکۆیی**

* کوردی

چنار سعد عبدلله، ٢٠٠٩، رۆڵو کاریگەری سیستمی پەروەردە لەسەر رەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.

شیرین ساڵح، ٢٠١٥، ڕەوشی پلانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا- قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی بە نمونە، زانکۆی سلێمانی.

هەوار فەقێ، ٢٠١٥، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

هیوا عەلی، ٢٠١٠، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە دەزگا فەرمییەکاندا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

* عەرەبی:

القیسی نایف، ٢٠٠٦، المعجم تربوی والعلم نفس، ل٤٣

سلیم بطرس الیاس، ٢٠٠٧، دور المیقفین فی بناو المجتمع المدنی، دکتورا، جامعە صلاحدین.

هیوا علی عمر، ٢٠١٠، دور الجامعی فی تنمیە المجتمع، ماجستر، جامعە صلاح الدین،

محمد سیف الدین فهمی، التخطیط التعلیمی، اسسە واسالیبە و مشکلاتە، مکتبە الانجلو المصریە، القاهرە، ١٩٦٥، ص٧

* ماڵپەڕ:

هەوار جەمال، شۆڕشێك بەڕێوە، گۆڤاری کۆچو ماڵپەڕی NRT، هەروەها سەرجەم گوتارەکانی لە ئەکاونتی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوك تایبەت بە ناوبراو ٢٠١٦، ٢٠١٧

https://www.artofliving.org/in-en/revolution-education9/10/2017

https://sg.moe.gov.sa/ar/Pages/education%20in%20singapore.aspx1/11/2017

http://mubasher.aljazeera.net/opinion٢٠١٧/١١/١١تجربە-التعلیم-فی-سنغافورە/

https://brightside.me/wonder-places/10-distinctive-features-of-the-japanese-education-system-that-made-this-nation-the-envy-of-the-world-214655/19/11/2017

http://ktateeb.org/?p=125622/11/2017

* چاوپێکەوتن:

م. تاریق هێدی پسپۆر لە زمانو پەروەردە- نەرویج

* بیبلۆگرافیا

بارزان کمال حسن، ٢٠٠٨، رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی سیاسی، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین. تابان خالد احمد، ٢٠١٠، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خوێندکارانی زانکۆ، ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

روخسار محمد عمر، ٢٠٠٧، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

رۆزە عەبدوڵا شەریف، ٢٠٠٧، رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

سیار تمر صدیق، ٢٠١٤، مدی تحقیق جامیعات اقلیم کوردستان لمتطلبات معاییر اعتماد والانتقال للجامعات الاوروبیە علی وفق معاییر الاتحاد الاوروبی، ماجستر، جامعە دهوك.

عبدالله اسماعیل حمد، ٢٠٠٢، دراسە الؤسسات فی بناو شخصیە الطفل، ماجستر، جامعە صلاح الدین.